تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

کرێکار

ژانی مان

(شیعر)

ژانی مان

کرێکار

چاپی دووەم

١٤١٨ك ــ ١٩٩٨ز

وبيتنة

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشکەشە

بە تامەزرۆیانی شەهیدی لە هەرکوێ هەن .

پێشەکی چاپی دووەم

پێش شانزە ساڵ لەمەوبەر چەند برایەکی دڵسۆز شیعرەکانی - کە لەساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٢) نووسیبوومن - کۆکردەوەو لە دووتوێی تیانووسێکی جواندا پێشکەش بەخۆمی کردەوە ! لە ساڵی ١٩٨٢ شدا برایەك لەشاری پاوەی کوردستانی ئێران بە خەتێکی جوان نووسی‌یەوەو ئامادەی چاپی کرد .. پاشان لەلایەن چەند برایەکی ترەوە کە زۆر نەمدەناسین بەچاپ گەیشتو (الحمدالله) لە هەردوو بەشی کوردستاندا بە خۆشحاڵی‌یەوە قبووڵ کرا ...

هەر زوو نوسخەی لە بازاڕەکاندا نەما ..ئیتر منیش کەوتمە وولاتانی ترو دوای ڕاپەڕینەکەش کاروباری سیاسی‌و بزاڤی ڕابوونی ئیسلامی -کە وەك بورغویەك لەخۆی پێچام - نەیهێشت بپەرژێمە سەر دیوانی کۆن .. بەشێکی نوێتری شیعریشم ئامادە کرد کە بەناوی (ژانی مان) ەوە لەچاپی بدەم بەڵام کارەساتەکەی ساڵی ١٩٩٣ ی بزووتنەوە کاتی ئەوەی لێ‌سەندمەوەو بەکاری گرنگتری ململانێی مانەوە خەریك بووینەوە.. تا دەشهات داوای لەچاپدانەوەی (ژانی بوون) و(ژانی مان)یش زۆرتر دەبوو - تا ئیتر وام بەباش زانی هەردووکیان بنووسمەوەو پێکەوە چاپیان بکەم .. کەوا (الحمد لله) ڕێککەوت .

بەشی سێیەمی شیعرەکانیش کە لە دوای ساڵانی ١٩٩٣وەن ، ماون و -ان شاء الله - دەرفەتی چاپ‌وبڵاوکردنەوە بۆ ئەوانیش دەڕەخسێ ..

هیوادارم خوێنەرانی بەڕێز دوای خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرانە هەڵیان سەنگێنن‌و ڕەخنەکانیانم پێ‌ڕابگەیەننەوە .. خۆشحاڵ دەبم چونکە دەزانم هەرچەند کەم‌وکوورتیشیان تێدابێ -کە زۆریشن- بەقەدەر ئەوان ڕاستگۆیی‌و دڵسۆزیان لەخۆگرتووە بۆ ئیسلامی ڕێبازو کوردی کەسی خۆم‌و کوردستانی وولاتی بێ‌بەرژێنم ... ئازادتر بن .

کرێکار

سلێمانی (١٤١٨ك-١٩٩٨ز)

شیعرەکانم بۆ کێ دەوێ ؟

شیعرەکانم ....

- ئەگەر نەبوونە بەستەی کرێکارێك با خەلفەیەك وەك تەلاشە بەرد نقومی ژێر جەبلەیەکی ناوکاریان کات .

- با بەرد هەلْکەنێك ژێر تاوێرە بەردیان نیّ و نووزەیان ببڕێت.

- ئەگەر نەبوونە (هۆر) جوتیارێك با خۆی بەگاسنەکەی ژێر گلّیان نیّ .

- ئەگەر نەبوونە زەنگولّەی کاروان و قەتارچی با روویان وەك قۆرییەکەی رەش کرێن .

- ئەگەر نەبوونە سرودی قوتابیانی زانکۆ ، با زمانیان لە زیندانی ئاسایش (ئەمن) دا بقرتێنرێن .

- گەر نەبوونە قردێلەی ژێر سەرپۆشی خوشکێکی موسولّمان ، با بدرێنە دەست (سارتەر)یّ .

- گەر نەبوونە گرو گالّی منالانی ئیسلام ، با بخرێنە بەر رمی هۆلاکۆ

ئاشتیخوازەکانی سەدەی بیستەم .

- ئەگەر نەبوونە سرودی موجاهیدانی ئیسلام ، با ژێر تانکی(ستالین)ەکان کەون لە ئەفغان وسوریاو عێراق و صۆمال .

- ئەگەر نەبوونە ئاهی کۆست کەوتووی بێ شوانی کورد ، با بدرێنە دەست نازم گوزارانی بەعس .

- گەر نەبوونە دەنگی بیلالی نەوەی نوێ ، با پەتی (ئومەییە) جاهیلییەکانیان بکرێتە مل . کە لە مێژووی نوێ و داهاتوودا لە (دار الندوة) کۆ دەبنەوە .

- ئەگەر وا نەبوون ، مەهێڵن لە هیچ چاپخانەیەکدا لەدایك بن ..

کرێکار / ١٩٨٣

شیعرەکانم

١٩٨٠/٧/٢٢ .....

شیعرەکانم سواڵکەرێ نین
خۆ وا فێر کەن ..
ماڵان بگەڕێن بۆ نانێ
یا وەك شاعیرانی (کوفر)
لەسەر هەموو سفرە و خوانێ
خۆیان تێر کەن ..
شیعرەکانم ، با بزانن
دەنگی هەموو چەوساوەکانی جیهانن
رەنجبەرێکن تا دوا تەمەن
خزمەتکاری رەش و رووتی
(شانەدەری) و(کەس نەزان)ن [1] ...
موسوڵمانن ، تا دوا تەمەن
ناڵەی (یاسر و سومەیە)ی [2]
بێشوانیئەم سەردەمەن

❁ ❁ ❁

[1] شانەدەری و کەس نەزان دوو دێی هاوچەرخین کە پێیـان دەڵـێن (مجمـع سـکنی) یەکەمیان لە سلێمانییە و دووەمیان لە هەولێرە . ئەو کوردانەیان تێدا نیشتەجێ کران کە لە دێیەکانی سەر سنووری عێراق و ئێران گوێزرانەوە.

[2] یاسرو سومەییە : یەکەمین و دووەمین شەهیدی ئیسلامن کە لە سـەرەتای ئیسلامدا ، لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاردا شەهید کران.

شیعرەکانم
بەیت و باڵۆرەی شایەر نین
لە هەموو شایی و زەماوەند
ببنە مێشێ
بە دەم کڕنووش بردنەوە
بۆ شاباشێ
بچنە پێشێ
لە دەوری سەری دەوڵەمەند
کۆ ببنەوە ...
شیعرەکانم خوا پەرستن
هۆشیارن
وەك موسوڵمانی بە هەستن
گشت پیتەکانی ئاگرین
ئاگرێکی پڕ سۆز و قین
ئەڵێن ئێمەین هەتاکو هەین
قەت بۆ سامانی دونیایی
نە بۆ (فیرعەون) نە بۆ (نەمرود) [٣]
وەکو (زێڕە) [٤]
نابین بە سرود

❁ ❁ ❁

---

[٣] فیرعەون : پاشای میسر بوو لە سەردەمی سیدنا (موسا) دا (سەلامی لێ بێت) .
نەمرود : پاشای عێراق بوو لە سەردەمی سیدنا (ئیبراهیم) دا (سەلامی لێ بێت) .

[٤] مەبەست لە سروودی (سەرۆکمان زێڕە)یە کە بۆ صەدامی طاغوت دەوترا .

شیعرەکانم هەرزەیەکی کۆلان گەڕ نین
بێ بڕوا نین
لە سوچێکی ئەم شارەدا
بۆ تێڕوانین
وەك پاسەوان
ئێشك بگرن
هەتا ئەمرن ...

❁ ❁ ❁

شیعرەکانم کاتێ لێرە سەر ئەبڕرێن
جەرگ و دڵیان دەر ئەهێنرێن
شەهید دەبن
بەس نامرن
ئەوجا دەڕۆن .. لێرە دەڕۆن
دەچنە میسر.. دەچنە سوریا
دەچنە ئەفغان
لە جێیەکی (رۆژ هەلات) ا
ستارئەگرن
لە هەرجێ بن ، کە دەگەنێ
وەك بارودخانەی سەفەری
دەبنە کودی
پڕ بارودی
ساچمە زەنێ ..
شارەزایەکی خوا ناسن
بۆیە خۆیان بە لاقەدی
موجاهیدێکی ئیسلاما هەڵ ئەواسن ...

بۆ چەوساوەکان

... ١٩٨٠/٧/٢٦

چەوساوەکان
زەحمەت کێشە بێ ناوەکان
هێندەی شۆڕشتان پێ کرا
چەند مافی ڕەواتان خورا
ئەوەندەی لەم جیهانەدا
جۆگەی خوێنتان هەڵبەسترا
ئەوەندەی لەم ژیانەدا
ڕەنجتان برا
خۆشم ئەوێن ...

❁ ❁ ❁

چەوساوەکان
ئەی تینووە بێ ئاوەکان
بە قەد ژمارەی دڵۆپی
خوێنی بە ئارەق بووی گەشتان
کە لە تاویان هەتا بەیان
جینگڵە ئەدەن
خۆشم ئەوێن ...

❁ ❁ ❁

چەوساوەکان
شێخەڵە هەڵ پاچراوەکان

ئەوەندەی نوێڵی بەرد هەڵکەن تینی دەوێ
ئەوەندەی تەڵەزمە بەردو ژەنگ‌و گەچتان بەر ئەکەوێ
بەو ژمارەی پشتی سەپان لە تەمەنیا دائەنەوێ
لەوەش زیاتر
ئەوەندەی کە خواو پێغەمبەر
دەستی کرێکاریان خۆش ئەوێ
خۆشم ئەون ...

❁ ❁ ❁

چەوساوەکان
ئەی ئاسمانە هەساوەکان
کرێکاری دەست قڵیشاو
سەپانی بەر سووری هەتاو
کاروانی لە ماف بە جێ‌ماو
ئەی کۆڵ هەڵگری پشت چەماو
رەش و رووتی کۆیلە کراو
لە هەر کوێ هەن
ئەوەندەی خۆتان رەنج ئەدەن
خۆشم ئەون
کەس نەڵێ بۆ ؟
چونکە هەموو موسوڵمانی جیهان هەون ...

هەوێنی شیعرەکانم

١٩٨٠/١٢/١ ....

وەڵامە بۆ ئەوانەی لە هەوێنی شیعرەکانم دەپرسن

هەموو ئەوەی خۆشم ئەوێن
(ژان) و (شەهیدی) و (چەك) و (خوێن)
بۆ هەموو پارچە شیعرێکم
بۆ خۆیان دێن
بۆ مەیینیان دەبنە هەوێن ...
ئەو ووشانەی
هەر ئاهـ و ئۆف و ئازارن
هێمای (ژوار)ن
ژواری تلۆقی تەقیوی
لەپی دەستی کرێکارن

❁ ❁ ❁

ئەو ووشانەی
خۆزگە و عەزرەت و تامەزرۆن
خۆشەویستی (شەهیدی) ەو
هەڵقوڵاوی
گۆشت و خوێن و هەست و سۆن

❁ ❁ ❁

ئەو ووشانەی
(چەك) و هێز و بازوو وتینە
شیری دادە
هێمای قەلاچۆی (طاغووت)ی
سەر زەمینە

❁ ❁ ❁

ئەو ووشانەی
(خوێن) و كاسەی سەری ووردن
خەباتی رێن
دەبێ بڕژێن
دەبێ بڕوێن
مافی بوونە و دەبێ بدرێ
پێویستە وورد سەرنج بدا
ئەو كەسەی رێی (جیهاد) ئەگرێ .

مافی بوونی ئیسلام

١٩٨١/٦/١٣ ...

هێنانەوەی بوونی ئیسلام
ئارامگری گشت پێغەمبەرانی دەوێ
خۆڕاگرتن لە زیندانا
ژینی نێو قورئانی دەوێ ...
لە قورئانا
هێنانەوەی بوونی ئیسلام
ڕەنجی دەوێ
یەکەم هەنگاو هەتا ئەنجام
لیژنە لاشەی گەنجی دەوێ
لە قورئانا
هێنانەوەی بوونی ئیسلام
سووتی دەوێ
کۆمەڵێکی چاونەترسی
شوێن کەوتووی (طالوت) ی دەوێ [1]
لە قورئانا
هێنانەوەی بوونی ئیسلام
باوەڕی پتەوی دەوێ
کاری (نوح)ی بەردەوام و [2]

---

[1] طالوت : فەرماندەیەکی بەنی ئیسرائیلی بوو کە خوا کردبوویە فەرماندەی کۆمەڵیکی جولەکە داوایان کرد بۆ خوا جیهادیان لەسەر فەرز بکات ، تا سەرەنجام لەسەریان فەرز کرا .. پاشان ئەوی باوەڕ لاواز و دنیا ویست بوو ؛ پەشیمان بووەوە . تەنها ژمارەیەکی کەم مایەوە و چوونە گۆڕەپانی شەڕ و دژی (جالوت) . جا ئەو ژمارە کەمە خوا بە نەبەز و خوا ویست و چاونەترس و خۆگر باسی فەرموون . کە بە هۆی خۆگرتنیانەوە لە گۆڕەپانی جیهاد دا سەرکەوتن . (سورەتی البقرة /٢٤٦ –٢٥١)

هەوڵی ڕۆژ و شەوی دەوێ
ڕاوەستاندنی خوێنی زام
لە قورئانا
پەروەردەی (موسەوی) دەوێ [٣]

❀ ❀ ❀

لە قورئانا
بوونی ئیسلام
هێنانەوەو سەلماندن و چەسپاندنی
نرخی دەوێ
خوا وویستی و لە خۆ بوردنی
(ئەصحاب الاخدود) ی دەوێ [٤]
تا شایەتمان و ژانی لەش
ژانی پشتی هەزار بیلالی سپیء و ڕەش [٥]
دەبنە سروود
گەر ڕێگا سروودی دەوێ .

---

[٢] نوح پێغەمبەر : سەلامی خوای لێبێت (٩٥٠)ساڵ شەووڕۆژ بانگەوازی خواوویستی بڵاوکردەوە.

[٣] پەروەردەی موسەوی : مەبەست لەو پەروەردەیە کە وەك پەروەردە کردن و ژیانی سیدنا موسی بێت . (سەلامیخوای لێبێت) ، بەو شێوەیەی خوا لە سورەتانی طه و أعراف و القصص و النملو جێی تردا باسی فەرمووە .

[٤] ئەصحاب الاخدود : ئەو خاوەن باوەڕانە بوون کە خوا لە سورەتی (البروج) دا باسی فەرموون کە هەر لەبەر ئەوەی خۆیان نەدا بەدەست دنیا وویستانەوە ، ئاگرێکی سامناکی گەورەیان بۆ کرایەوەو سوتێنران .

[٥] بیلال : مەبەست لە بیلالی حەبەشییە . خوا لێی ڕازی بێت . کە یەکێکە لە یارەکانی پێغەمبەر (صلیالله علیه وسلم) کاتێك کە موسوڵمان بوو ، لە لایەن گەورە کافرەکانییەوە -چونکە ئەم موسوڵمان بوو- تووشی ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر بوو . لە هاوینی گەرمای مەککەو قرچەی نیوەڕۆیدا ڕایان دەکێشاو تاوێرە بەردی گەرمیان دەخستە سەر سنگی . ئەویش وێردی سەر زمانی (أحد أحد) بوو ، کە دوژمن زۆر پێی پەست دەبوو..

کەوو کورد

.... ١٩٨٠/١١/٢٧

ئەڵێن کەویش
وەك کورد نیشتەجێی چیایە
بەڵام دیارە ، هەڵبەت ئەویش
سنووری وڵاتی جیایە..
ڕەنگە شاپەڕی هەر باڵێ
(پاساپۆرت) بن
لە ژێر مۆری (لا نوافق) دا بناڵێ [١]
ئەگینا دەبوو جارێك بفڕن
سنووری دەسکردی ئێمە
یەك یەك ببڕن
بچنە سەر لوتکەی (هیندکوش) [٢]
تا بکەن پرسەی شەهیدی
(هیرات) و (غەزنێ)ی ئەفغانی
وەك لە (قەندیل) [٣] لە (شنروێ) [٤]
بە کوڵ گریان

---

[١] لا نوافق : مەبەست لە رازی نەبوونی رژێمی بەعسی بەغدایە لە سەر چوونە دەرەوەی وڵات .

[٢] هیندکوش : زنجیرە چیایەکی ئەفغانستانە کە لوتکەی پامیری لێ جیا دەبێتەوە .

[٣] قەندیل : چیایەکە لە پشت قەڵادزێی کوردستان/ عێراق کە لە ١٩٧٤/٤/٢٤ بۆمباباران کرا و(٣٥٤) کەسی تێدا شەهید بوو .

[٤] شنروێ : چیایەکە لە پشت هەڵەبجە کە لە ٢٨/٤/ ١٩٧٤ بۆمباباران کرا و زۆر بێ تاوانی تێدا بریندار و شەهید بوو .

بۆ شەهیدانی (هەلەبجە) و (قەلادزێ)
خۆ هەردوکلا چارەنووسی
کەوتبووە ژێر
مرۆڤ وویستی سۆخۆی رووسی !! [٥]

❁ ❁ ❁

بەڵێ کەویش
وەك زۆر سەرکردەی کورد وایە
ئەڵێن گوایە
زۆر لە مێژەوەیە ئەویش
(بەستە) ی
کوێستانی بەفرین و کزەی بایە
هەردووکیان پێکەوە ژیاون
پەروەردەی یەك هەواو ئاون
بەلام هەی داخ
ئاخۆ دەبێ
کامیان رێگای خیانەتیان
فێری ئەوی تر کردبێ ؟!
هەر کە هێلانەکەی رما
وەك شاری کورد
بوو بە سیخوڕ .. خێری نەما
ئەمیش لە قەفەزی حزبێکدا
بۆ دوژمنی خۆ بوو بە پرد !!

---

[٥] سۆخۆی : فڕۆکەیەکی جەنگی رووسی‌یە .

❁ وانەکانی مێژوو ❁

.... ١٩٨٠/٦/٢٤

لە وانەکانی مێژوا
ماموٚستاکەم زوٚر جار ئەیووت
پێش هەزار و سێ سەدساڵێ
کاتێ عەرەب
لە نیوە دورگەوە بزووت
وەك باڵداری تیژڕەو فڕی
وەك لافاوێ
بەربەستی پێشی ڕامالێ
هات ، تەخت و تاراجی (کیسرا)ی
لە کوردستان پێچایەوە..
دەستی زوٚردارانی بڕی
ئینجا ئاینی ئیسلامی
بوٚ کورد هێناوە کایەوە ..
مێژوو ئەڵێ :
ئەو عەرەبەی کە هاتبوو
ڕاستە ئەڵێن
چەك لە دەست بوو
بەڵام خوٚ ئەو خواپەرست بوو
تەنها ئیسلامی مەبەست بوو
قورئان لە دەستیا خەڵات بوو

بۆیە لە ناو گەلی کوردا
هەر مایەوە
وەك برایەك ژیا .. هەتا
لە ناویانا توایەوە

❁ ❁ ❁

پێش لێدانی زەنگی پشوو
دوا هاتنی وانەی مێژوو
جارێك ووتم : ئەدی ئەمڕۆ ؟
ووتی : ووس بە !
پاشان بە گوێما چرپانی :
ووتی رۆڵە
تۆی کەم تەمەن
کوا ئەزانی چۆن و بۆچی
مێژووی ئیسلام (تەعریب) ئەکەن ؟
من بیرم دێ
ئاگام لێیە
ئەمڕۆ عەرەب
کە بۆ ئەم کوردستانە دێ
بێقورئانەو
چەکی تازەی رووسی پێیە
چونکە هەموو
وایان پێ رادەگەێنن ..
ئەورووپی پەروەردەی کردوون

تا نەخشەی وان راپەڕێنن ..
من بۆ خۆم مامۆستای مێژوم
ئەزانم ئەمانە چۆنن ..
تەنها زمانیان جودایە
ئەگینا هەر
ئیمپریالیزمەکەی کۆنن ..
وتم ئێستاکە دڵنیام
ئەمەی دێ بۆ داگیر کردن
دوژمنێکی دڕندەیە
دژ بە کوردە و دژ بە ئیسلام
بیستومە چۆن مزگەوتەکان ئەڕوخێنن ..
لە (گەلاڵێ) لە (قامیشلی) [1]
قورئانەکان ئەسوتێنن ..
وتی کوڕم ، قسەی تۆیە
بەڵام ڕۆڵە چاوساغی وان
بزانە کرمی ناوخۆیە ..
هەڤاڵی کوردی ئەمڕۆیە ..
ئێستاکەش هەن
ئەڵێن بۆ کورد تێ ئەکۆشن
بەڵام ڕۆڵە دڵنیا بە

---

[1] گەلاڵی: دێیەکە سەر بە ناوچەی ماوەت / سلێمانی .
قامیشلی : شارێکی کورد نشینی سوریایە کە بەعسی سوری و بەعسی عێراقی قورئانەکانیان تێدا سوتاندن .

ئەوانیش وان
کورد و هەستیان گەلێك دوورن
گشت (بابراك)ی ئەفغانین [٢]
جاشی سوورن
لە ئێستاوە بنکەی سەربازی ساز ئەکەن
هەر داهاتوو ئەیسەلمێنێ
کە ئەمانەش
هەر وەکو پێرەکەی دوێنێ
لەویش زیاتر کورد فرۆشن
جا ئەبینی نەوەك مزگەوت بڕوخێنن
وەکو مۆسکۆ ، وەکو سۆماڵ [٣]
نەك هەر قورئان
موسوڵمانی مەلۆ کراوی وەك شارا
لە گۆڕەپانێکی شارا
ئەسوتێنن .

---

[٢] بابراك کارمل: سەرۆك کۆماری ئەفغانستان بوو کە ساڵی 1980بە پشتیوانی سوپای سووری رووسی کۆدەتایەکی کۆمۆنیستی کرد بەسەر سەرۆکێکی تری کۆمۆنیستیدا کە (حفیظ الله امین) بوو .

[٣] لە مۆسکۆ لە گۆڕەپانی سوور لە ساڵانی ١٩٢٨ بە دواوە قورئانەکانیان کۆ ئەکردەوەو ئەیان سووتاندن و قورئان خوێن و مەلا و موفتییەکانیان – دوای دوور خستنەوەیان – بە برسێتی دەکوشت . لە (صۆماڵ)یش لە مانگی ١٩٧٥/٥ محمد سیاد بەری سەرۆکی کۆمار و سکرتێری پارتی سۆشیالیستی حوکمڕان فەرمانی دا پێنج زانای ئیسلامیان لە ناوەڕاستی شاری مەقادیشۆی پایتەختدا سووتاند ، لەبەر ئەوەی بڕیارێکی سەرۆکیان سووتاند کە لە میراتدا پێچەوانەی ئیسلام دەری کرد بوو!!

موسەیلەمەی کورد [1]

١٩٨٠/٦/١٣ ...

کە شەقامەکان تەسك ئەبن
کەس ناوێرێ لە حەق بدوێ ..
کاتێ راستی ئەنرێتە بن
گشت خەڵکی زمانیان ئەسوێ ..
هەر موسەیلەمەی رووسین و
بەرگی کوردی ئەکەنە بەر
کلێتەی سپاتی مەرەز
ئەکەنە سەر
هەر یەك لای خۆی دینێکی نوێ
بۆ (ئازادی) !
ئەم میللەتە دێنێتە دەر
بۆ سەرنج راکێشانی گەل
سرودی کوردی ئەخوێنن ..
لە ژێرەوەش بۆ پارە و پول
لە رۆژنامە و لە گۆڤارا
لە سەر مینبەر
شادە بە شانی کوفر دێنن ..
بێ شەرمانە بە ئاشکرا
لە ژێر گوڵینکەی کلێتە و

---

[1] موسەیلەمە : موسەیلەمەی کەززابی یەمەنی‌یە کە دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر ـ صلی‌الله علیه وسلم ـ پروپاگەندەی پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی دەکرد .

سێبەری ریشوەی مێزەرا
خوێن و مافی ملیۆنەها رووت و رەجاڵ
ئەنێنە چاڵ ..
بەڵام موسوڵمان ئەزانێ
بڵێ ئێوە
گەرچی بە رواڵەت سەرکردەن
بەڵام هەموو موسەیلەمەن
هەموو پێغەمبەری درۆن
خۆرەی ناوخۆن
وەك ئەژدیهان ، پێوە ئەدەن
وەك زەروون
خوێنی گەل ئەخۆن
ئەتانەوێ
کوردی بێ شوانی چاوەڕێ
لە رێبازی ئیسلام لادەن
بیانخەنە سەر تووله رێ !
بەڵام خۆ دوێ
(گەلێ کەس هاتن بوون بە شوان
بوون بە شوانی مێگەل و ران
چون بە دڵسۆزی نەیلەوەڕان
دای بە گورگ ، دای بە قڕان) [٢]
ئێستاکەش کورد
دڵنیایە ئێوەش هەر وان .

---

[٢] ئەم چوار دێڕە هی شاعیرێکی ترن ، خوازراون .

کوردایەتی و درۆ کردن

١٩٨١/٦/١٥ ....

تینوو تا ووشك بێ گەرووی
شێتی ئاوە
بۆیە هەتا تینی ماوە
هەر دەگەڕێ و وێڵە لە دووی
خەیاڵی ئاویش جار بە جار
لە مێشکیدا
وێنەی دەریاو روبار ئەکا ..
ئەوجا لە خۆشی و عەزرەتا
خۆی تێ داوێ
بەڵام چونکە درۆیەك بوو
سەرەڕای تینوو بوونی خۆی
سەرەڕای ماندوو بوونی خۆی
هەست بە ئێش و ئازار ئەکا ..
هەتا ئێستاش ئازادی کورد
هەر خەیاڵە
درۆیە ، قسەی بەتاڵە
کوردایەتیش .. گڕوگاڵە
جەردەیی‌یە ، تاڵانی‌یە ، رێ گرتنە
هەوەس پەرستی بێ هیوای
(مراهق)ی هەژدە ساڵە
خوێنی کورد وا بوو بە دەریا

بەردەوام ئاوەڕێژ ئەکا ..
چونکە هەریەك بە شێوەیەك
جووراوی وڵاتانی تر کاوێژ ئەکا ..

❁ ❁ ❁

ئەڵێن ئەگەر رۆژ بگیرێ
تاریکی دێ
بەسەر ئاوایی شار و دێ
لە کوێ تروسکەی ئاگرێ
دەربکەوێ
خەڵکی ناچار
دەڕۆن و روو دەکەنە وێ ..
کاتێ کوردیش
خۆری ئیسلامی خۆی گیرا
بۆ بینین و چار کردنی
برینی کوردی رەش و رووت
رێی ئاگری شەیتان گیرا
چونکە ئاگر هەر ئاگرە
(بوون)ی کورد بوو بە قەرەبرووت
چونکە (ئیلیاف) [1]
کوردایەتی
درایە دەست

---

[1] ئی ری ئیلیاف : ئەندامی کنێست (پەرلەمان)ی ئیسرائیلە ، کە لە ماوەیەکدا ئاڵقەی پەیوەستی شۆڕشی کورد و ئیسرائیل بوو !

ئەویش لە (کنێست)ی جووا
برینی کورد سارێژ ئەکا ..

❁ ❁ ❁

کە فێڵ و دووڕوویی و درۆ
بۆ هیوای خۆدەرخستن و سەرکردەیی
دەبن بە هۆ
ئازادی و شۆڕشی بە تین
دەبنە شتێکی ئاسایی
کوردایەتیش
وەك کێشەی ونی فەلەستین
دەبێتە سەرچۆپی شایی
بۆیە ئەمڕۆ لە ناو کوردا
کارل مارکس ، وا خەریکە [٢]
کوردایەتی راوێژ ئەکا ..
(ماو) [٣] (ستالین) [٤] (ئەنوەر خۆجە) [٥]
بەرماڵی پێیە و نوێژ ئەکا .

---

[٢] کارل مارکس : دامەزرێنەری کۆمۆنیزمە ، لە ساڵی ١٨١٨ز لە ئەڵمانیا لەدایك بووە و لە ١٨٧٣د ا لە بەریتانیا مردووە و بڕوای وایە کە پرۆلیتاری وڵات و نەتەوەی تایبەتی نییە .

[٣] ماو تسی تۆنگ : سەرکردەی شۆڕشی کۆمۆنیزمی چین بوو لە شۆڕشە رۆشنبیرییەکەی خۆیدا حەڤدە ملیۆن موسوڵمان کوژرا .

[٤] ستالین : نازناوی (جۆزیف فیساریۆنۆفیچ دزوجاشفیلی) یە کە لینین پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا پێی بەخشی . ستالین بە مانای مرۆڤێکی پۆڵایین . دڵرەقترین و ستەمکارترین حاکمی روسیا بوو .

[٥] ئەنوەر خۆجە : سەرۆکی شۆڕشی کۆمۆنیزمی ئەلبانیا بوو . لە ماوەی یەکەمی حوکمیدا (٢١٦٩) مزگەوتی روخاند !

نەورۆز

١٩٨٣/٣/٢١ ....

دەڵێن نەورۆز
بەسەرهاتی روداوێکی رابوردووە
باسی پێکهاتنی بوونی
مێژووی گەلێکی زیندووە
بۆ مانەوەی سایەی (زوحاك)
مێشك پڕا
خوێنی هەزاران کورد رژا
ئەوجا کاتێ کە خوێنی وان
بوو بە (ورمێ)
بوو بە (سیروان) و بوو بە (وان) [1]
کاوە زمانی (بوون)ی پڕا
پاشان بۆ خاك
بە درێژی سالآنی مێژوو
هەزاران کاسە سەری کورد
وورد و خاش بوو
تا بوو بە خاك
بوو بە چیا ، بوو بە (هەڵگورد) !
کەچی ئەمرۆ

---

[1] ورمێ : دەریاچەیەکە لە کوردستانی ئێران . سیروان : روبارێکە لە کوردستانی عێراق . وان : دەریاچەیەکە لە کوردستانی تورکیا .

هەزار (قەندیل) هەزار (گمۆ) [٢]
هاتوونە دی!!
دەزانن چۆن ؟ دەزانن بۆ ؟
چونکە لە ناو گەلی کوردا
سەدان زوحاك ئەژی !
جا کەوا بوو
لەدایك بوونی (نوێ)ی کاوە
هێشتا سەدان سەدەی ماوە !!

❁ ❁ ❁

گەلی مردوو
چیتان دەوێ ؟
هێنانەوەی ئابڕووی تکاو؟
یا سەربەستی رای بزر بوو ؟
یا مافی ژینی چێنراو
کە سەوز نەبوو ؟
گەلی تاساوی مەست و سڕ .
تەمی ئاهی ژانی ئێوە
وەك پەڵە هەوری خەست و چڕ
زۆر جار گرتی رووی ئاسمان
زۆر جار سەریان بە یەکدا گرت
کۆ بوونەوە
بەڵام بێ بروسکەی خوایی

[٢] هەڵگورد ، قەندیل ، گمۆ : سێ چیان لە کوردستانی عێراق .

هەرچەند دانیان بە خۆدا گرت
رەوینەوە ..
چونکە بێ نرخە هەورو تەم
مادام نابێ بە لافاوێ
لە نێو خۆتان
هەڵکێشێ ریشاڵی ستەم ..

هەستانی شەو (قیام اللیل)

.... ١٩٨٠/٦/١٣

خوای میهرەبان
ئاگات لێیە ..
لەو کاتانەی نیوە شەوە و
خەڵکی ئەنوێ
هەر برایە دوور لە خەوە و
قورئانی پیرۆزی پێیە ..
هەتا بەیان
بە دەنگی زوڵاڵ پڕ لە گریان
تیا ئەخوێنێ
دار و بەرد ومردووەکانیش
کڕن ، بۆیان شل کردووە گوێ ..
هەردەم لە سوجدە سەر لە نوێ
ناوچەوانی دە جار ، بیست جار
لە خاك ئەخشێ ..
بەرزترین ئەندامێتی ، دێتە سەر خاك ..
هێمن دڵپاك
لەگەڵ خوای خۆی پەروەردگار
بە ئەدەب ئەدوێ
تا بە رەحمەت شەهید بوونی پێ ببەخشێ
هەتا سەربەرز تر بمرێ
بەڵکو لەگەڵ
پێغەمبەر و شەهیدانا
حەشر بکرێ ..

منی بەندە

١٩٨٠/٦/٢٨ ....

ئەی خوای مەزن و بەخشندە
ئاگاداری
کە چۆن دڵی منی بەندە
هەر وەکو شەوێکی تاریك
رەش بووە بە تاوانکاری
بەڵام بە قەد ئاتاجی خۆم
بە قەدەر هەرچی زیندووە
هیوام ماوە
پەیوەستی بەندەیەتیشم نەپساندوە
لە ترسی زۆر کەمی تێشوو
هیوام ماوە
بە قەد بەزەیی تۆی زیندوو
گەرچی دڵی منی بەندە
بە قەد دەزویەکی باریك
بە خۆشەویستی تۆوە بەندە..
ئەمەش بەسمە
چون دڵنیام
لە رۆژی خۆی فریا رەسمە
بە (هارون) و (موسا)ت فەرموو
کە بۆ لای (فیرعەون)ت ناردن

ئاگادار بن
ئەو فیرعەونەی لە ستەمکاری دانا بوو
پەنا بە تۆ خۆشی لە جێی تۆ دانا بوو
نەبادا دڵی بشکێنن.
ئاگادار بن
(بە زمانی خۆش بیدوێنن
تا یاد بکات و بترسێ) [1]
ئەی ئیتر چۆن ئەبێ کەسێ
وەك من کە تۆ پەرستی
بوو بێتە هۆش و هەستی
چۆن ئەفەرمووی بیهێنن
بەو دۆزەخەی
ساڵەهای ساڵە کڵپەی دێ
بیسوتێنن..

---

[1] مانای ئەو ئایەتەیە ٥ فقولا له قولا لینا لعله یتذکر او یخشی ٥ طه ٤٤

بۆ خوشکێکی سەرپۆش بەسەر

.... ١٩٨١/١/٢١

پێشکەشە بەو خوشکانەی سەرپۆشەکانیان بەربەرەکانێی نەفامی نوێ ئەکەن و وەک چیا لە روویدا راوەستاون و نابزوێن ..
پێشکەشە بە خوشکە پاڵەوان (خوشکە گێلاس ـــ دایکی بیـــلال) و (مهرەبان) و (مهاباد)ی خوشکم ..

بەڵێ خوشکم
منیش و تۆش
تووشی گێژاوی کوفر بووین
تیا بزر بووین
لێك دابڕاین ، لە یەکتر بووین
هەردوو وەکو مەستی بێ هۆش
یەکتری ناناسینەوە
چونکە ماندووین
بە دەست شەپۆلی ژینەوەم
دیاردەی ئیسلامیمان نەما
لای من ریش و لای تۆ سەرپۆش ..

❀ ❀ ❀

بەڵێ خوشکم
دەزانم تۆش وەکو منی
بگرە زیاتر
بەندی زنجیری دوژمنی
بەڵام خوشکە
ئەمە ئیسلامە ووریا بە
تا دڵ لە کوفر داخورپێ
دڵنیا بە
توند تر دەبێ
کۆتی بیرو زنجیری پێ ..
تا نەگۆڕێین
نەڵێین (بیلال) و (زەنیرە) ین [1] ..
هەتا مردن
مت بووی ئەو کۆت و زنجیرەین ..

❁ ❁ ❁

بەڵێ خوشکی سەرپۆش بەسەر
تۆ زۆر تینت کەوتۆتە سەر

---

[1] بیلال : بیلالی حەبەشییە . (زەنیرە)ش ئافرەتێکی کۆیلەی موسوڵمان بوو کە کافرەکان لە ژێر ئەشکەنجەدا هەردوو چاویان کوێر کرد ! ئەبوو بەکری صدیق . خوا لێی رازی بێت . کڕییەوە و رزگاری کرد .

موسوڵمانی ئەم سەردەمەی
تۆ خواپەرستی ، سومەیەی [2]
با بارانی تانە و تەشەر بتروێنێ
چاك بزانە
نەفامی زۆرت بۆ دێنێ
کەسێ نابێ ژینت بکرێ ..
سبەی شیری ئەبوو جەهلیش [3]
وورگت ئەدرێ ..
گیانی پاکی نەمری تۆش
وەك سومەیە
وەکو گیانی خوشکە (بەنان) [4]
بەرە و باوەشی خوا ئەفرێ ..

❁ ❁ ❁

---

[2] سومەیە: خێزانی یاسر کە بووە یەکەمین شەهید لە ئیسلامدا . ئەبوو جەهل لە کاتی ئەشکەنجەدانیدا شمشێرێکی کرد بە سکیدا و کوشتی و بووە یەکەمین شەهیدی ئیسلام .

[3] ئەبوو جەهل : عەمری کوڕی حەکەمە و پێغەمبەر . صلی‌الله علیه وسلم . ئەیفەرموو : ئەبوو جەهل فیرعەونی ئەم ئوممەتەیە . لە بەدردا کوژرا .

[4] بەنان : کچی زانای موسوڵمانی سوریا (علی طنطاوی) وخێزانی مامۆستا (عصام العطار) بوو لە شاری ئاخن لە ئەڵمانیا بە دەستی سێ دڕندەی موخابەراتی سوریایی لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرا .

بەڵێ تا تۆ (نوسەیبە) بی [٥]
ئەمە ڕێتە ..
هەتا تۆ (خەنسای) دایك بی [٦]
ئیسلام زیاتر هیوای پێتە ..
ئەوجا پاداشتی خوات دەبێ و
لە دنیاشا
پەڕەی دڵی ئێمە جێتە ..
هەمووش بە یەك دەنگ پێت ئەڵێین
مافی خۆتە .. پیرۆزت بێ
بەهەشتی خوا لە ژێر پێتە [٧] ..

---

[٥] نوسەیبەی کچی کەعب : یەکێکە لە ئافرەتە صەحابیەکانی پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) کە لە غەزای ئوحود دا بە شمشێر بەرگری لە پێغەمبەر دەکرد .

[٦] خەنساء : ناوی (توماضری کچی حارث)ە . ئافرەتە صەحابی پێغەمبەر بوو . صلی‌الله علیه وسلم . لە جەنگی قادسیەدا چوار کوڕی شەهید بوو .

[٧] پێغەمبەر . صلی‌الله علیه وسلم . بە صەحابی‌یەکی دەربارەی دایکی فەرمووی : خزمەتی کە . بەڕاستی بەهەشت وا لە ژێر پێ‌ی دا .

(حسب النبى)[1] پاڵەوان

١٩٨٠/٦/١١ ....

ڕۆژی ڕەشی ناسری بوو
کاتێ میسر
بەرگی بەری پۆشاکێکی ئاگری بوو
دەوری (قەلعە)ش ، (باستیل)ێ بوو[2]
تینووی خوێنی گشت دیلێ بوو
وەکو هەژدە هەزاری تر[3]
ئەمیشیان گرت ڕاپێچ کرا
بە ڕاکێشان
بۆ زیندانی قەلعە برا
دوای هەڵواسین چەندەها جار
کە خوێن لە گیانی بێ وەستان

---

[1] حسب النبی خیرالدین : کرێکارێکی کارگەی ڕستن و چنین بوو لە شاری المحلە الکبری لە میسر . نەخوێنەوار بوو بەڵام شەرمی موسوڵمانی و پتەوی عەقیدە ئیسلامی‌یەکەی کردبوویانە مامۆستای برایانی موسوڵمان . وەك جابر رزق ئەڵێت : کاتێك حسب النبی سزا ئەدرا . پێیان ئەوت ئیعتیراف بکە لەسەر ئەو کەسانەی تەنزیمیان کردوویت . ئەویش لە وەڵاما ئەیوت : ئێوە گرگنی مۆمینن (أنتم أقزام من شموع) چۆن من دڵم دێت برایەکی موسوڵمانی خۆم کە منی هێناوە بۆ ئەم خێرە رایکێشمە ئەم ئەشکەنجە و ئازارەوە .

[2] قەلعە : یەکێك بوو لە زیندانەکانی میسری ناسری .. باستیل : زیندانی گەورەی فەرەنسا بوو . شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا رماندیان .

[3] جمال عبدالناصر خۆی لە لینینگراد ووتی کە لە یەك رۆژدا هەژدە هەزار کەس لە اخوان المسلمین گیراون .

زەنگوڵ زەنگوڵ ئەهاتە خوار
رووی تیٚ کردن :
کە من نزام
لە سوجدەی نویٚژی شەوانا
گشت جار تکام
لەگەڵ صەبای صاڵحانا [٤]
شەهادەت بیٚ
چۆن ئەتوانن
ئیٚوەی دوژمن
ئیٚوەی دڕندە ، دڵڕەق ، زۆردار
کە بە لیٚدان هەوڵ ئەدەن
ئامیٚری ئەشکەنجەو ئازار
نەما نەتان خستبیٚتە کار
کەچی هیٚشتا دەسەوسانن
نەتان توانی و ناشتوانن
ئیعتیرافیٚکم پیٚ بکەن

❁ ❁ ❁

شەرم بکەن
ئیٚوەی دوژمن
بە گشت شیٚوە نەتان توانی
ئیرادەی ئیسلامەتی من نەرم بکەن
چۆن ئەتوانن
ئیٚوەی دوژمن
ئیٚوەی گرگن

---

[٤] صەبای صاڵحان :مەبەست لە بەری بەیانیانە .

گرگن لە مۆم
کە تائێستا نەتان توانی
کەرسەکێکی قەڵای باوەڕم وورد بکەن
ناشتوانن هەتاکو هەن
رازێکم پێ بدرکێنن
ئیتر بۆچی هەوڵ ئەدەن
بەردی بناغەی قەڵاکە بڕوخێنن
باوەڕی دامەزرازی دڵ دەربهێنن .
من خۆم ووتم :
هەموو نزام
لە سوجدەی نوێژی شەوانا
گشت جار تکام
لەگەڵ صەبای صاڵحانا
شەهادەت بوو .
کەوا بوو زۆر گەوجێتی‌یە
بێ مێشکی‌یە
من بە مردن بترسێنن
ئێستاکەش من
رەنجی ئێوەم وەها دێتە خەیاڵێ
وەك گامێشێ
کە گوێ نەدا بە هیچ ئازار و ئێشێ
بە قۆچ لە ئەهرامەکان دا [٥]
بەو هیوایەی رایان ماڵێ ..

---

[٥] ئەهرام : بریتی‌یە لەو کۆشکە بڵند و گەورانەی فیرعەونەکانی میسر دروستیان کردووە و ئێستاش وەك خۆیان ماون .

مەروان حەدید [1]

١٩٨١/٤/٢٧ ....

دەزانن بۆ مەروان حەدید
پەت ئاڵێنرا لە گەردنی ؟
چونکە پڕ بە دەمی دەیووت :
بۆ سەندنی
مافی خوراوی رەشوڕووت
(با گوێم لە دەنگی فیشەك بێ
با دەستان مەشجەبی چەك بێ) [2]

❀ ❀ ❀

لە بیرتانە پێی دەووتن :
لە رێبازی خەبات کردن
قۆناغ نی‌یە
موسوڵمان پێی بڵێ سرەوتن
مەگەر مردن ..
بیرتانە دەیووت کە دەڵێن

---

[1] مەروان خالد حەدید : دامەزرێنەری کۆمەڵی (الطليعة المقاتِلة للإخوان المسلمين) ی سوریایە . ساڵی ١٩٣٨ ز لە شاری سەربڕراوی (حەماە) ی سوری لە دایك بووە . هەڵگری بڕوانامەی کۆلیژی کشت و کاڵی قاهیرە و کۆلیژی ئاداب بەشی فەلسەفەی دیمەشق بوو . ساڵی ١٩٧٠ شەهید کرا . دوای ئەوە سەرەنجامی سزاو ئازاردانی لە ناو ژووری پڕ ئاوی بە کارەبا کراودا . گۆشتی پاژنە پێکانی لێ بوونەوە و نینۆکەکانی هەڵ کێشران و زیاتر لە(٣٠) سی کیلۆگرامی کێشی لە زیندانا کەم بوودوە .

[2] دەقی قسەی خۆیەتی : (إذا أردتم نصر الإسلام فسمعوني صوت الرصاص) .

ڕێبازی خواییمان دەوێ
هەم سەلماندنی بوونی خۆ
هەم ئیسلام دەبێ سەرکەوێ
با گوێم لە دەنگی فیشەك بێ
با دەستان مەشجەبی چەك بێ ..

❁ ❁ ❁

لەبیرتانە بۆچی دەیووت :
براینە
ئارامی مەردی زیندانی
لەسەر سزاو ئازار دانی
کۆتا پلەی نەبەزینە..
بەڵام خۆگرتنی (سەربەست)!
لەسەر ئەشکەنجەی زەلیلی
لەسەر نۆشی تاڵی دیلی
لە عەقیدە دابەزینە ..
لەسەر ستەم خۆ مت کردن
شێوازێکی خۆکوشتنە
گەرچی سەرزارەکی ژینە ..
دە تا مردن
بۆ پاراستنی ئەم دینە
با گوێم لە دەنگی فیشەك بێ
با دەستان مەشجەبی چەك بێ ..

❁ ❁ ❁

براكانم
وەك بزانم
هەموو ئەوەتان لە بیرە
کاتێ دەیووت :
(یطربنی بأنغام رصاص
ینعشنی فما أحلی عبیره) [٣] .
ئێوەش هەموو دەبێ وا بن
چونکە فیشەك
کلیلی کۆت و زنجیرە ..
بۆن و تۆز و خۆڵ و باروت
وەکو زیندان
ئەویش مایەی گەشەی بیرە
خۆ بەهەشتیش
گشت دڵنیاین
وا لەبەر سێبەری (شیر)ە [٤]
دە تا ئەو کاتەی لە دنیاین
با گوێم لە دەنگی فیشەك بێ
با دەستان مەشجەبی چەك بێ ..

[٣] لە قەصیدەی (المقاتل المسلم) ی خۆی وەرگیراوە .
[٤] پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) دەفەرموێ : (اعلموا ان الجنة تحت ظلال السیوف) .

ئەی پێغەمبەر ﷺ

١٢/ربيع ١ / ١٤٠٠ ك   ١٠/٢/١٩٨٠ز

پێشکەشە بە یادی ١٤٥٣ ساڵەی جەژنی لەدایک بوونی (محمد)ی پێشەوامان (صلىالله عليه وسلم) .

ئەی موحەممەد
ئەی نێرراوی خوایەتی
پێغەمبەری مەردایەتی
لە یادی لە دایك بوونتا
ئەی پێغەمبەر
هەتا ئەبەد
هەزارەها .. ملیۆنەها
درود و سڵاوی خوات لەسەر ..

❁ ❁ ❁

ئەی پێغەمبەر
ئەی خواپەرستی دادپەروەر
ئەی ئەو کەسەی وا زوو توانی
سەرباز و شوێن کەوتوانی
بە رێبازی ئەم پەیامە
بە بانگەوازی پیرۆزی ئەم ئیسلامە

دڵنەرمانە پەروەردەکا
وەك نموونەیەکی قورئانی

❁ ❁ ❁

ئەی پێغەمبەر
رێ پیشاندەری کۆڵ نەدەر
ئەی ئاشتی‌خوازی مرۆڤ وویست
ئەی ئەو کەسەی
وەك نموونەیەکی خوا پەرست
لەو جێگایەی ستەم ئەکرا
کە مافی چەوساوەکان ئەخورا
کە هاواری رەش پێستەکان سزا ئەدرا
کاتێ قەرزار
مۆری کۆیلەیی پیا ئەنرا
کاتێ هەژار
بە زۆرە ملی رەنجی ئەبرا
لەو کاتەدا
لە رەهێڵەی شەوی کوفرا
ناڵەی هەزار هەژارت بیست..

❁ ❁ ❁

ئەی پێغەمبەر
نموونەی خواناسی رەنجدەر
سەرکردەکەم
فەرماندەکەم

ڕۆژانی ڕەشی جاهیلی وا هاتەوە
خەڵاتەکەت
کە جێگیری دڵ و دەروون بوو ..
قورئانەکەت
کە کانیاوی سازگاری
ڕێبواری دەشتی بێروَن بوو
لە دڵی هەر یاوەرێکا
ببووە بڵێسەی ئاگرێ
گشت کەس ئەیووت
وا بڕوا زەمین دائەگرێ
کەچی ئەمڕۆ
چونکە دوورین
لە راستی ڕێبازەکەی تۆ
باوەڕی زۆربەی موسوڵمان
وەك ژیلەمۆ
چاوەڕوانە کەسێ فووی پێدا کاتەوە
بەڵێ ئەمڕۆ
ئەمڕۆ لەسەدەی بیستەما
نەك ئەوەندەی لە دەروونا
کاری نەما
لە تاقی مزگەوتەکانی
(شاناخسێ) و (سەفرە)و (زەروون)ا [1]

---

[1] شاناخسێ : دێیەکە سەر بە ناوچەی سیوەیل سلێمانی .

خۆڵەمێشەو

کەسێ نی‌یە کۆی کاتەوە ...

❁ ❁ ❁

ئەی پێغەمبەر

نێرراوی خوایی مژدەدەر

ئەی رابەری پەیامەکەم

پێغەمبەری ئیسلامەکەم

من دەنگێکم بیستراوم

لە دوورەوە

دەنگێکم دێم

لە وڵاتی سەد سنوورەوە

گوێم لێ بگرە

رۆژ ژمێرەکەم ئەخوێنمەوە ..

هەواڵەکان

دوو جار ، سێ جار ئەڵێمەوە ..

❁ ❁ ❁

هەواڵی یەکەم

لە کوردستانی بێ شوانی عێراقەوە .

منداڵێکی پەرتەوازەی بێ پەل وپۆ

گشت کوردستان

(سەفرە) و(زەرون) : دوو دێی سەر بەناوچەی ماوەت سلێمانی

لە (ژەنگار)ەوە تا (بەمۆ) [٢]
گەڕا لە دووی
باوکی هەژاری بزر بووی
تا سەرەنجام
لە پشت گمۆ [٣]
دۆزیەوە لەگەڵ کاروان
دوای سەربڕین
قەل خوارد بووی ..
ڕاهاتەوە
ئێسکی وورد بووی
کۆ کاتەوە
وەك دیاری‌یەك
بۆ(مەجمەع)ی بێنێتەوە [٤]
لە پڕ کۆمەڵێك دەست بە چەك
ژەندرمەی چەپەڵی عەفلەق
هەر بە ناهەق
لەشی ئەویشیان بە فیشەك
ببارد کردەوە
چیا بە دەم پێکەنینەوە
وتیان تۆش بڵێ لەو دنیا

---

[٢] ژەنگار : سنووری رۆژ ئاوای کوردستان عێراق . (بەمۆ)ش رۆژهەلاتیتی .

[٣] گمۆ: چیایەکی بەرزی کوردستانی عێراقە لە ناوچەی سیوەیل سلێمانی.

[٤] مەجمەع : مجمع : بریتی‌یە لەو کۆمەڵە خانوانەی رژێمی بەعس لە کوردستانی عێراق دروستی کردن و بە زۆر کوردە گوندەکانی سەر سنووری کوردستانی دەگواستەوە بۆیان

یەکتری ئەبینینەوە ...

❁ ❁ ❁

هەواڵی دووەم

لە ئەفغانستانی خوێناوییەوە .

٢٧ی دوانزەی حەفتا و نۆ
ئاژانسەکان
رایان گەیان
کە ئەمڕۆ گەلی ئەفغانی
دەمەو بەیان
کاتێ لە ماڵ هاتنە دەرێ
وەکو جاران
بینیان وا
لە ناو جەرگەی (قەندەهار)ا [٥]
رێوییە سوورەکانی مارکس
دوای(سەمەرقەند)و(بوخارا) [٦]
هاتن هیلالی مزگەوتیان
وەك شێت و هار
سەر بەرەو خوار

---

[٥] قەندەهار : یەکێکە لە شارە گەورەکانی ئەفغانستان .

[٦] سەمەرقەند و بوخارا : دوو ویلایەتی ئیسلامی گەورە بوون ، بە زۆر خرانە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کۆمۆنیستی (روسیا شورەوی) .

کرد بە دارا ..
پاشان تانکی (تی ٦٢)
ئاڵای سووری چەکوش و داسی
هێناو بە دەرگای مزگەوتا
هەڵی واسی ..

❁ ❁ ❁

هەواڵی سێیەم

لە ئۆگەندەی بێ کەسی چەوساوەوە [٧]

گوێتان لێ بوو .. لە کەمپالا
لە منارەی مزگەوتەوە هاوار کرا
ووتیان دیسان
کیشوەری رەش ئازار درا ؟
یان نەتان بیست ؟
نەشتان پرسی
ئەفریقی رەش پێستی برسی
بۆ وا ئەکەن ؟!
من گوێم لێ بوو
ئاهو نزوولەی دیلێ بوو
هاواری کرد گەر تێم ئەگەن
ئەوانەی وا لە ئەفریقا هاوار ئەکەن

---

(٧) ئۆگەندە : وڵاتێکی هەژاری ئەفریقاییە ، پایتەختەکەی (کەمپالا)یە .

براتانن
موسوڵمانانی ئۆگەندەن !!
زریکەی ژنی جێ ماوە
قیژەی کۆرپەی سەر بڕاوە
ئاهو نووزەی پیری سەد ساڵ
وێرانە ماڵ
پەڕاوەزە و سەرلێ شێواو
ملیۆنەهان .. کۆمەڵ کۆمەڵ
بە زیندوویی ئەنرێنە چاڵ..
خۆم گوێم لێ بوو ئەیزریکان
کەی پێم ئەگەن ؟
کەی تێم ئەگەن ؟
ئەوانەی وا لە ئەفریقا هاوار ئەکەن
براتانن
موسوڵمانانی ئۆگەندەن ..
ئەوانن وا لە تاو سوتان
بۆ وڵاتانی دراوسێ
(چاد)و(سودان)
پەنا ئەبەن ..
هەر لە (سودان) ژمارەیان
هەشتا هەزار پەناهێندەن ..
گوێم لێ بوو پێش ئەوەی بمرێ
دەنگی زوڵاڵی کپ بکرێ
بە رووی جیهانا قیژاندی

موسوڵمانینه کوا دەستان ؟
بگرێ بەری خاچ پەرستان ..
کەوا بە خوێنی ئۆگەندی
وەك ئەندەلوس
وەکو قودس
لافاوی خوێنینیان هەستان ..
راپەڕیم قیژاندم برام
کێ بێ هاوار و بانگی تۆ
تۆی بێ شوان ، بێ کەس ، رەنجەڕۆ
بێنێتە لام
کێ بێ ئاگای لەو ژیانە تاریکەت بێ
هەزارەهای وەك من مەگەر
ئاوا لە گۆشەی خەونێکا
گوێی لە دەنگی زریکەت بێ ..

❁ ❁ ❁

هەواڵی چوارەم

لە سوریای نەبەز و کۆڵ نەدەرەوە .

ئەمجارەیان مارکسیزم
کینەی سووری
لە (تەدمور)دا [٨]

---

[٨] تەدمور : زیندانێکی گەورەیە لە بیابانی تەدمور لە سوریا ، یەکێکە لە زیندانە بەناوبانگەکانی جیهان .. لە ماوەی دوو سەعاتدا (١٠٨٦) موسوڵمانی تێدا شەهید بوو کە بە فڕۆکە (هەواپەیما)ی هیلیکۆپتەر لێدران .

لە خاکی پیرۆزی سووری
لە دایك بوو ..
لە باوەشی رق و قینا
لە دڵی (نوصەیری) بێ دینا
لە دایك بوو ..
لە سەر رانی فرۆشیاری
کێشەی وونی فەلەستینا
لە دایك بوو ..
ئەمجارەیان
هۆلاکۆ هاتە سەر (حەما) [٩]
نەك بە رم و شمشێر وتیر
بە (راجمە)
دیجلەیەك دروست بوو بە خوێن
نەوەك دەست نووس
ئابڕوو تکا
قورئان نەما
هەزاران خوشکی داوێن پاك
لە ترسی ئابڕوو چوونی
لە تاو ئازاری دەروونی
هاوار ئەکەن :
(وا محمداه .. وا اسلاماه)
هاوار ئەکەن

---

[٩] حەما : سێیەمین گەورەترین شاری سوریایە . لە مانگی٢/ 1982زیاتر لە (٤٢٠٠٠ چل و دوو هەزار) کەس لە دانیشتوانی شەهید کران . دوای ئەوەی شۆڕشی ئیسلامیان بەرپاکرد . (٨٨) مزگەوت و (٤) گەڕەکی بە راجمە (موشەك) تەخت کران .

تو خوا وەرن هێرش بێنن ..
زیندانەکان
بەسەرمانا بڕوخێنن !!
هاوار ئەکەن :
توخوا موسوڵمانی جیهان
چارەسەرێ ..
ئێمەی خوشکتان
رووومان نەما بێینەدەرێ ..
ئێمەی کڵۆڵ
ئێمەی زگ پڕ لە کۆرپەی زۆڵ
چۆن بێینە دەر
فتوا بدەن خۆ بکوژین
نەك پاشان زۆڵ
بگرینە کۆڵ !!
توخوا زووتر هێرش بێنن
بۆ پاراستنی ئابڕوو
زیندانەکان
بەسەرمانا بڕوخێنن ..[10]

---

[10] ئەم هاوارەیان لە نامەیەکدا نارد بۆ گۆڤاری (الاخبار) کە یەکێتی رێکخراوە قوتابیە ئیسلامی‌یەکانی جیهان دەری ئەکەن و بلاو کرایەوە ..

له زيندانا

١٩٨٣/١١/٢٣ ....

پێشكەشە بەو براو خوشكە موسوڵمانانەی كە لە زيندانەكانی ستەمكاراندا ئازارو ئەشكەنجە ئەچێژن .

بەڵێ دوژمن
ئەتوانی هەزاری وەك من
بە يەك راپۆرت
تووشی ئەشكەنجە و سزاكەی ..
لە زيندانا
لە ژێر زرەی زنجير و كۆت
لە ژێر ئۆف و ئێش و ژانا
زۆريان لێ كەی
سەدان ئيفادە ئيمزا كەن
لە دەرەوەش
لاوازەكان
لەسەر مينبەر بۆت نزا كەن
بەڵام ئايا عەقيدە و بير
دەفەوتێ بە كۆت و زنجير ؟!

بەڵێ دوژمن
ئەتوانی هەزاری وەك من
دەست و پێی کۆت و زنجیر کەی
لەگەڵ ژانا
لاوی لە زیندانا پیر کەی
لەوەش زیاتر
زمانی خۆشی لە بیر کەی
بەڵام ئایا
کاروانی رێگەی خوازویستی
بە رای ئێوە
دەمرێ و ناگاتە مەبەستی ؟

❁ ❁ ❁

بەڵێ دوژمن
ئەتوانی هەزاری وەك من
لە زیندانا بتاسێنێ
چاوی هەزارانی تریش
بترسێنی
دەشتوانی
بە هۆکانی راگەیاندن
وەك (خائن) یش
بەم خەڵکەیان بناسێنی

بەڵام خۆ خەڵکی دەیزانی
ئێمەی پەروەردەی قورئانی
ئێمەی خواوویست
لە ژیانا
غەیری ئازاد بوونی میللەت
هیچمان نەویست
بەو هیوایەی لە قیامەت
خۆ رووسوور کەین
لەبەر دەمی خوای خۆشەویست .

شەهید

.... ۲۹/ ڕەمەزان/۱٤۰۱

پێشکەشە بە گیانی پاکی (حمد الله و علی حسین و براکانی تـرا کـە لـە ۲۷ی ڕەمەزانی ۱٤۰۱ك لە بەغدا لە سێدارە دران وهەندێکیشیان لـە ژێـر ئەشـکەنجەدا شەهید بوون . پاشان تەرمەکانیان لـە شـاری نەجـەف بـە نهێنـی لـە لایـەن بـەڕێوەبـەرێتی ئاسـایشـی گشـتی (الامن العامه) وە بە خاك سپێرران !!

شـەهـیـدی لـە سـێـدارە دراو
ئـەی دوور لـە دەنـگ لـە چـاڵ نـراو
لیـرە بـە عـەقیـدە سـەرکـەوتی
لـەوێش خـوای خـۆت بینـی بـە چـاو

❀ ❀ ❀

دەبـێ ئێمـە بـۆچی بـۆ شـەهید بگـرین
کـە دڵنیـایـن هـەمـوو هـەر دەبێ بـمریـن
خوێنی شەهید گەر گشت گوناهێ بسڕێ
سـتەم نییە گـەر ئـەو ڕێگـەیە نەگـرین ؟

❀ ❀ ❀

دنیـا بـا بـە جـووت لیـك بچـڕیـکـێنـین
زینـدووی سـەر زەمـین تـێ بـگـەێنین
لـە پـەیمـانـەکـەی کـە بـۆ خـوا بەستمان
شەهید بوون یا (ژیـن) بەدەست بهێنین

سرودی نوێ بۆ نەوەی نوێ *

١٩٨٠/٢/١٩ ....

مــن نــەوەی نــوێی ئــەم ئیســلامەم
بــڕیـــارم داوە هــەتــا هــــەم
لــــە ڕێبـــازی ئــەم ئیســـلامە
بم جنــن ، بم كـــوژن ، لانــــادەم

❁ ❁ ❁

من نەوەی نــوێی چــەك بــە دەسـتم
هــەر جیهـــادە هــۆش و هــەسـتم
دوا زینـــدەی ئـــەم ســـەر زەمینـــە
ئـەبـێ تـــێ بگــا مــەبــەســــتم

❁ ❁ ❁

مــن نــەوەی نــوێی خــاوەن تینــم
بــە عـــەقیـــدەی پـــۆلایینـــــم
گەر خـوا حـەزكا دوای چـەند سـاڵێ
حــوكمــی ئیســــــلامی ئەبینــم

❁ ❁ ❁

مــن نــەوەی ڕێی قــورئـــانـــم
بـــەو چەكـــەی كردوومــە شانــم
پــاســەوانــی ئـــەم ئیسـلامـــەم
تــا دوا هــەنــاســـەی ژیـــانـــم

---

* ئاوازێكی شۆڕشگێڕی بۆ دانراوە .

سەربازی نوێ

١٩٨٠/٢/٢٢ ....

سەربازی نوێی ڕێبازی ڕێین ، ڕێی ئازادی
جیهاد ئەکەین تا ئاواتی گەل دێتە دی

هەزار سێدارە دانرێ
یەك لە دووی یەك گەردنی پیا کرێ
تینی کلْپەی شۆڕشی ئیسلامەتی
وا لە برەو زیاد ئەکا و دانامرێ

سەربازی نوێی ڕێبازی ڕێین ، ڕێی ئازادی
جیهاد ئەکەین تا ئاواتی گەل دێتە دی

❁ ❁ ❁

هێزی دوژمن هەموو ڕێگا گرێ
دەشتو دەرو چۆڵو چیا گشت داگرێ
تینی کلْپەی شۆڕشی ئیسلامەتی
ئەبێ شالآوی نەفامی ڕاگرێ

سەربازی نوێی ڕێبازی ڕێین ، ڕێی ئازادی
جیهاد ئەکەین تا ئاواتی گەل دێتە دی

❁ ❁ ❁

هەموو ڕێگەی ژیان بەربەست کرێ
لافاوی خوێن وەك جۆگەلە هەڵبەسترێ
ئالآی بەرزی شۆڕشی ئیسلامەتی
وا بە لاوان تا ئەبەد دانانرێ

موسوڵمانین *

.... ١/ موحەڕڕەمی /١٤٠١ ك

موسوڵمانین ... موسوڵمانین

پەروەردەمـــان قورئانیـیـە بۆ دین گیانمان قوربانیـیە
سەرکردەمان موحەممـــەدە کـە نێرراوی یـــەزدانیـیـــە

ئێمـــەی موسـوڵمـــانی نـــوێ
بـــۆ ئـاواتـــێ کـەوتـــوینە ڕێ
تـا دوا تکـەی خوێنـــی گەشمـان
دابـــین نابـــین تـــا دێتـــە جێ

موسوڵمانین ... موسوڵمانین

پەروەردەمــــــان قورئانیـیـــە بــۆ دیـــن گیانمــان قورئانیـیـــە
ســـەرکردەمان موحەممـــــەدە کـــــە نـــێرراوی یـــەزدانیـیـــــە

پەیمـــان ئـەدەین ئـەم ئیسلامـــە
بـــۆ ژیـــن بکـەینـــە بـــەرنامـــە
دڵنیـــاین سوتـــەمەنـــی (ڕێ)ش
جـۆگـەلـــەی خوێنینـــی زامـــە

---

* ئاوازێکی شۆڕشگێڕی بۆ دانراوە .

موسوڵمانین ... موسوڵمانین

پەروەردەمان قورئانی‌یە   بۆ دین گیانمان قورئانی‌یە

سەرکردەمان موحەممەدە   کە نێرراوی یەزدانی‌یە

باهەر زیاد کا هێزی دوژمن

حوکم کا ئاگر و ئاسن

هەر سەدای بانگی جیهادە

لە گوێمانایە تا مردن

موسوڵمانین ... موسوڵمانین

پەروەردەمان قورئانی‌یە   بۆ دین گیانمان قورئانی‌یە

سەرکردەمان موحەممەدە   کە نێرراوی یەزدانی‌یە

وا شەهیدی ئەم پەیامە

کاروانی هەر بەردەوامە

دەی با ئێمەش شوێنیان کەوین

ئەی ئەوەی ئاین برامە

هەتاکەی

١٩٨٢/٩/١ ....

بــرای مــوســـوڵمـــان هـــەتاکـــەی
بـــەرهـــەڵستی کـــوفـر نـاکـــەی
وا میللـــەت خـــوێنـــاوی خـــورا
پێویســـتە شـۆڕش بـەرپـا کـەی

❁ ❁ ❁

وا ســـەرجەمـــی هێـــزی دوژمـــن
چـونکـــە تـــۆ نیـت زۆرتـــر ئەبـن
تـــۆ نـەمـانـت شـــەهیـدی بـــێ
شـــەرمـــە بترســـی لـــە مـــردن

❁ ❁ ❁

ئـەوا کـوفـر هـەرچێـکی بـــووی
خســـتیە خـەبات و چـوو لـە دووی
کـــە تـــۆ لـــە گێـــژاوی خـــەودای
چـۆن دەیســـەلمێنی کـە زینـدووی؟

❁ ❁ ❁

تاکـەی موسـوڵمان خـۆ هـەر تـۆی
دوژمـــن ئیســـلام بـاس بکـا بـۆی
دە رەببـی ئـەو چـاوە کوێـر بێ

که ناناسیّ دوژمنی خوّی

❁ ❁ ❁

دوژمن به گیرفانی پڕی
وا باوەڕی خەڵکی کڕی
هەموو میللەتی دا بە قڕ
تۆ هەتا کەی راناپەڕی ؟

❁ ❁ ❁

تۆش چەوساوەو دڵ تەزیوی
لە ژێر ستەما رزیوی
بۆ سەلماندنی بوونی خۆت
هەستە بەسە دڵ بەزیوی

❁ ❁ ❁

خۆ تۆش بەندی زیندانە جێت
خۆ تۆش کۆت و زنجیرە پێت
دە هەتا کەی راناپەڕی
کە خوا وا پشتیوانت بێت

هاوار بکەن *

١٩٨٢/١٠/١ ....

ئەی نەوەی جیهادی نوێ
یەکتریتان خۆش بوێ
قورئان و چەك هەڵگرن
تاکو ئیسلام سەرکەوێ
چەندی خواتان خۆش دەوێ
هاوار بکەن : اللە اکبر
مەشخەڵی رێ هەڵگرن
وەك پڵنگ هەڵمەت بەرن
با ووشەی خوا سەرکەوێ
یان لە پێناویا مرن
دەی چەندەی دژی کافرن
هاوار بکەن : اللە اکبر
راپەڕن دەی راپەڕن
وەك پڵنگ هەڵمەت بەرن
تا دوا هەناسەی ژیان
دەنگی قورئان هەڵبڕن

---

* ئاوازێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ دانراوە

بـــه کــویّــری چــاوی دوژمـــن
هـــــاوار بکـــهن : اللـــــه اکبر

تهنـها ریّی خواوویســـتیيه
ســــوّز و خوّشهویســــتیيه
هــــهرچـــی ریّبـــازی تـــره
زولّـــــم و خـــوّپـهرســـتیيه
کـــێ عــهشــقی ســهربهســتیيه
هــــــاوار بکـا : اللـــــه اکبر

راپــــهڕه ئـــهی مـــاف خوراو
هــهسته ئهی پێشـــێل کــراو
سهر له نویّ به خویّنی خوّت
راده میـــــخ و بێخـــــی داو
وهك بیـلال بـــوون بێنـــه نـاو
هـــــاوار بکـــهن : اللـــه اکبر

با كۆ بين *

١٩٨٠/٦/٢٢ ....

با كۆ بين دەی دەست لە نێو دەست يەك گرين
گشت لە ناو خۆمان بەڵێن ليَك وەرگرين
نەك (أبطَح) لە ژێر پۆشاكی ئاگرين
وەك بيلال بين دڵ نەبەز بين خۆ گرين
چونكە ئێمە موسوڵمانين براى وين
بەيعەتمان دا ئالآی قورئان هەڵگرين
كێيە تامەزرۆی شەهيدی زووكا تۆمار كا ناوی
با بێ خەم بێ خوا ئەمێنێ بۆ منالی جێ ماوی
دەی وەرن كۆ بين بەڵێن بۆ خوا بەستين
چونكە ئێمە خاوەن يەك سۆز و هەستين
تا بريار دەين هەموو بە جارێ هەستين
بڵێين دوژمن ئێمە كە خوا پەرستين
خۆمان عەشقی شەهيد بوونين جا ئيتر
هێزت با گشت جيهان بێ چ دەربەستين
كێيە تامەزرۆی شەهيدی زووكا تۆمار كا ناوی

---

* ئاوازێكی شۆڕشگێڕانەی بۆ دانراوە

با بێ خەم بێ خوا ئەمێنێ بۆ منالی جێ ماوی

دەی وەرن کۆ بین بەڵێن دەین وێکڕا

یەك دڵ و یەك ئاوات و یەك پرس و ڕا

تێ بکۆشین کەس نەڵێ نانم بڕا

نەك لە زیندانا لە ناو جەرگەی گڕا

هاوار کا : سووڕم لەسەر قورئانەکەم

تا دەڵێن کوفر نەما گوێچکەی دڕا

کێیە تامەزرۆی شەهیدی زووکا تۆمار کا ناوی

با بێ خەم بێ خوا ئەمێنێ بۆ منالی جێ ماوی

من کێم

١٩٨٠/٢/١٢ ....

له سەرەتای قۆناغی زانکۆمەوە گەلێك لە شەیتانەکانی کۆمۆنیزم و ئاڵقە لە گوێکانی بەعس ئەکەوتنە شوێنم و ئەیانپرسی کە ئایا ریشم بۆ چ رێیازێکم هێشتۆتەوە ؟! ئەم چەند دێڕەی خوارەوە پێناسەیەکە و بە رای من پێویستە ببێتە ناونامە (هەویە) ی لاوانی موسوڵمانی کورد .

دێ و دەتنێرن گەلێکن دێنە ریم
دێن و لەملاولا دەپرسن چیم و کیم
تا ئەوان هەن با هەڵگرن شوێنی پێم
بەردەوامم من بۆ ئەم ئیسلامە دێم
یا سەرەنجام سەرکەوتنێك دەست ئەخەم
یا لە رێیا وەك سەیید خۆم دادەنێم[1]
من ئەو دەنگە دلێرەم دوژمنم تۆقیوە لێم
دەنگی قورئانم سرودەکەی (بەننا) ئەڵێم[2]
خوا مەبەستمە و پێغەمبەریش پێشەوام
قورئانە دەستوورم جیهادیش رێی هیوام
عاشق و شەیدای شەهید بوونی رێی خوام
بە هەڵمەتم وەك پڵنگی بێشە وام

---

(١) سیدقطب : زاناو رۆشنبیر و موجاهید لە ١٩٠٦زدا لە میسر لەدایك بووە و لە شەوی ١٩٦٦/٨/٢٩ دا لە سێدارە درا ، نوسەری (في ظلال القرآن و معالم في الطريق و معركة الإسلام والرأسمالية ، و خصائص التصور الإسلامي و .. هتد) ە .

(٢) بەننا : پێشەوای شەهیدە : حسن البناى دامەزرێنەری برایانی موسوڵمان (الإخوان المسلمون) . لە ساڵی ١٩٠٦ دا لە دایك بووە و لە ١٩٢٨ دا ئەو تەنزیمەی ئیخوانی دروست کردووە . لە ١٢/٢/١٩٤٩ دا ترۆر کرا . سرودەکەشی ئەمە بوو : (خوا مەبەستمانە . پێغەمبەر پێشەوامانە . قورئان دەستورمانە . جیهاد رێمانە . مردن لە پێناوی خوادا گەورەترین هیوامانە) .

خـــوای مـــەزن پشـــت و پەنامـــە و (مؤمـــن)م[٢]
دڵـنيـــام ســـەركـەوتنـــە مـافـــــی رەوام
وا ئـەمنـاســـــیٚ دوژمنـــم بـــۆیە تۆقیـــوە لیـــٚم
بـــرای (حـــەمزە)م حـــەز ئەكـــەم لـــە مـــەیدانا گلیٚـــم

❁ ❁ ❁

بـەیعـەتـــە بــۆ رابـــەری ڕیٚبـــازەكــــەم
هـەر وەكـو خـۆی خـۆم بـۆ شـۆڕش ســازەكەم
ســـڵ نەكـــەم ســـوور بم لەســـەر ئاوازەكـــەم
ژینـــم بـــیٚ قـورئانـــە ئاشـــتی خوازەكـــەم
تـــا سـەركـــەوتن ، یـــا ســـەرەنجام وەكـو ئـەو
گـــیان ئـــەبەخشم هیٚندەشـــە ئەنـدازەكـــەم
وا ئـەمنـاســـیٚ دوژمنـــم بـــۆیە تۆقیـــوە لیٚـــم
بیلالیـــٚكم تـــا لیٚـــم دەن (احـــد احـــد) ئـــەڵیٚم

❁ ❁ ❁

كـاتـــــیٚ دوژمـــــن رائەوەســـتیٚ بەرامبـــەر
هـــیٚزی چەكـــداری ئەتەنـــیٚ دەوروبـــەر
دەنگـــی بـــاوەڕ دیٚ پـــڕ بكـــا دەشـــت و دەر
بناســـــیٚنیٚ موســـوڵمانـــــی كـۆڵنـــــەدەر
هـــاوار بكـــا چـــۆن لـــە مـردن سـڵ ئـــەكا
ئـــەو كەســـەی بـــیری شـــەهیدی وا لەســـەر
وا ئەمنـــاســـیٚ دوژمنـم بـۆیـە تۆقیـوە لیـــٚم پەروەردەكەم
قورئانیـیـــە ئەســـــتەمە لـــە شـــەڕ هـــــەڵیٚم

---

[٢] خوا ئەفەرمویٚ ﴿ ولا تهنوا ولا تحزنوا وانتم الأعلون إن كنتم مؤمنين ﴾ آل عمران / ١٣٩
واتـە : لاواز مـەبن و خـەم مـەخۆن هـەر ئیٚـوەن سـەركەوتووترین بـەو مەرجـەی موسوڵمان بن .

خوایه بڕژه [1]

١٩٨١/٢/١٥ .....

خـوایـه بـڕژه لیـّزمه بـارانـی ڕەحمــەت
بـەسـەر گیانی موحەممەد تــا قیامـەت
کــەسـێکی وا خــوا ئـاوا ریــّزی لیّ نیّ
بــە (یــا أیهــا النبـي) بیـدوێنــیّ [2]
کـەسیّ بـیّ پـەروەردەی دەستی خـوابیّ [3]
موعجیـزەیــەو دەبـیّ ڕەوشـتــی وابــیّ
قـورئانێکی زیندووە بـە هـەڵس و کـەوت [4]
ویّڵ و گومڕا بوو ، ئەوەی شوێنی نەکەوت
گــەر مــانگێك پیێك بهێنین بـە هەمووومان
کــەم و کورتــین هەردەبیّ لەو بیّ رووومان

---

[1] ئاوازی بۆ دانراوە .

[2] خوای گـەورە ئەگـەر پێغەمبـەرانی بـانگ کردبێـت ، هـەر بـە نـاوی خۆیانـەوە بـانگی کردوون وەك (یا ادم ، یا نوح ، یا ابراهیم ، یا یحیی .. هتد) بـەڵام بۆ پێغەمبـەر ـ صلی‌الله علیه وسلم .. ئەفەرموێ : ﴿ یا ایها النبي ، یا ایها الرسول ﴾ .

[3] خۆی ئەفەرموێ : (أدبنی ربی فاحسن تادیبی) .

[4] خاتوو عائشە خانی خێزانی ئەفـەرموێ : (کان خلقه القران) ، واتە خووڕەوشـتی قورئانی بوو .

مـانگی روو زەرد هەر چەند بێ و باداتەوە
تیشکی خـۆرە وەردەگـرێ و دەیداتـەوە[٥]

وون دەبێ زوو تـیشکـی خـۆری لێ بـڕێ
با لـە خولگەی ژین بێ (دابین)یش گـەڕێ

ئەوەی تەنها دێ‌و دەگرێ ڕێی جۆربەجۆر
نـازانـێ مـانگی نـزم ناگـا بـە خـۆر

خـۆری (طـه) گـەرمـە تینـی بـاوەڕی[٦]
بـەردەوامـەو دەبـەخشێ تـیشکـی زەڕی

ئـەوی بـەد گـۆیی بـەرامبـەر دەربـڕی
دڵنیـا بـن سـەگێکـە و بـە خۆر وەڕی

---

[٥] بێ گومان لە رووی فیزیکی‌یەوە مانگ تیشکی خۆر وەرئەگرێ ئەیداتەوە .

[٦] طه : نازناوی پێغەمبەرە ـ صلی الله علیه وسلم ـ

راپەڕین *

سلێمانی ١٨/٥/١٩٨٤

ئـــەی موســـوڵمانی کـــورد راپـــەڕینێ
بـــۆ بـــەرزی دینەکـــەت رەنجـــێ تینـــێ
ئـــەو کەســـەی بـــۆ مەبەســـت خوێـــن ئـــەڕێژێ
ئەســـــتەمە ژینـــــی کۆیلـــــە ببینـــــێ

❀ ❀ ❀

ئـــەی خـــوا وویســـتانی کـــورد هەســـتن
بەســـیە تاکـــەی وەهـــا ژیـــن پەرســـتن
کـــوا غیرەتتـــان بەرامبـــەر بـــە ئیســـلام
کـــوا غیرەتتـــان ئەگـــەر خـــاوەن هەســـتن
کاتـــێ قورئانتـــان ئەســـوتێ ، نرخـــی نابـــێ
سەد جۆگەی فرمێسکی خوێنین هەڵ ببەستن

❀ ❀ ❀

ئـــەم ئیســـلامە لـــە هـــەر شـــوێنە
دەنگـــی ئازادیـــە و خـــەو زڕێنـــە
بـــا هـــەموو لێـــك بڵێـــین بـــە موحەممـــەد
ئـــەی پێغەمبـــەری خـــوا دەســـتت بێنـــە
پـــەیمانی مردنـــت لەگـــەڵدا ببەســـتین
لە سەر کام رێگـای دژوار و پڕ لە خوێنـە

---

* کراوە بە سروود

پەیمانی کوڕی شەهید *

سەردەشت ١٢ ١٩٨٨

زمان حاڵی ئەو مندالە نازدارە باوك کوژراوەیە ، کە بێ هودە چاوەڕێی گەڕانەوەی باوکی دڵسۆزی کوژراوێتی !!..

بابـە گیـان هێشـتا لەسـەر ڕێـت
چـاوەڕێم چـاوم کـەوێ پێـت
گـەرچی دەشـزانم بـێ سـودە
بـەڵام سـوکنایی دڵـم دێـت

بابـە گیـان دڵنیـا بە لێم ئیسلامە ڕێم ، بەڵێنم بێ پێت
سوورم لـەسەر ڕێبـاز و بێ بـاکم لەوەی مردن ڕێ بێت

هـەر دەڕۆم و دەڵێـم دایـە
تـاکو کـەی بـاوکم هـەر نایـە
بـەڵام ئـەویش هـەر وەکـو مـن
تاسـاوەو چـی لەدەسـت نایـە

ئەویش هەر وەك من بێ هیواو بێ ئومێد هەر چاوەڕێیە
ئەویش هەر وەك من بە عەزرەتو چاوەڕێی هاتنەوەی تۆیە

بابە گیـان هـەر وا دێم لـە دووت
تـا بـۆ دوا جـار ببینـم ڕووت
کـوا زەردەخەنـەی پـڕ سـۆزت
کـوا هەسـت و هۆشـی دڵسـۆزت

---

* کراوە بە سروود

بـابـه گیـان كـوا كێ هه‌یه وه‌كو تۆ بێ دڵسۆزی من بێ
پـاش تۆ كێ وه‌كو تۆ پشـت و په‌ناو تیره‌و هۆزی من بێ
منـــی موســـوڵمانی هـــه‌تیو
منـی كـــوردی خۆشـــی نـــه‌دیو
كـێ بـێ ده‌ســت بێنـێ به‌ســه‌رما
ئاهــــێ بێتــــه‌وه بــــه بـــــه‌رما
بـابـه گیـان كـوا كێ هه‌یه وه‌كو تۆ بێ دڵسۆزی من بێ
پـاش تۆ كێ وه‌كـو تۆ پشت و په‌نا و تیره‌و هۆزی من بێ
بـیرم دێ پێـش ئـه‌وه‌ی بـڕۆی
وتـت كـورم هیـوای مـن تـۆی
خۆزگــه ئێســتاكه ده‌تبینیـــم
كه چه‌نده عه‌شقی خـوا و دینیـم
خۆزگه ده‌تبینیم ئێستـا قورئـان و چه‌ك وا له ده‌ستـا
وه‌كو تۆش هه‌ر ده‌ڵێم خوێن ده‌بێ بڕژێ به‌سه‌ر مه‌به‌ستا
نـــازانم تاكـــه‌ی هـــه‌ر وا بم
تاكـــه‌ی هـــه‌ر وا بـــێ هیـــوا بم
خۆزگــه مـن پێـش تـۆ ده‌مـــردم
نـــه‌ك تووشــــی رۆژی ئـــاوا بم
بـابـه گیـان كوا كێ هه‌یه وه‌كـو تۆ بێ دڵسۆزی من بێ
پـاش تۆ كێ وه‌كو تۆ پشت و په‌نا و تیره‌و هۆزی من بێ
ده‌ڕۆم و چـه‌ك بـه ده‌سـت دێنـم
تۆڵـه‌ی بـاوكی خـۆم ده‌سـتێنم
تۆڵـه‌ی دیـن و تۆڵـــه‌ی ئـابڕوو
تۆڵـــه‌ی شـــارو لادێ هــــه‌موو
خه‌ڵكینـه دڵنیـا بـن لێم ئیسلامـه ڕێم ئه‌مه‌ش به‌ڵێنه
ده‌شزانـم ڕێبـازی دیـن لاشه‌ی گه‌نج و لافاوی خوێنه

براكەم *

دیانە/ هەولێر ١٩٩١/٩/٢٥

براکەم ئەگەرچی وا زیندانە جێت
ئەگەرچی وەها کۆت و زنجیرە پێت
کە تۆ دڵنیای خوایە پشت و پەنات
وەهاش دڵنیا بە بەزین دوورە لێت

❁ ❁ ❁

براکەم دەبینی ئەوەی ماندووە
لە رێدا کەساس و کڵۆڵ کەوتووە
دەسا دڵنیا بە ئەوەی بێ چەکە
هەتا نەیبێ بوونی نییە و مردووە

❁ ❁ ❁

براکەم هەتا کەی دووریت لە خەبات
هەتا کەی سڵ و سرک و رارایە رات
کە ئاوا دەبینی هاودینانی خۆت
گشت موستەزعەف و ناڵەیان دێتە لات

---

* ئاوازی سروودی بۆ دانراوە

شۆڕشی هەڵەبجە *

نەرویج ١٩٩٢/٣/١٨

هۆ هەڵەبجەی ئازیز وەك چۆن بووی هەر هەی
بە كوێری چاوی دوژمنانت دەی
شۆڕشێ بەرپا كە لە تۆڵەی خۆتا
تا دوژمنت مابێ بمێنێ كڵپەی

❀ ❀ ❀

شۆڕشێكی دی دەی بە ڕێبازی دین
گشت ناحەزانت پێی بێتە لەرزین
بسەلمێنە تاكو یەك كوردێ مابێ
سوورە لەسەر ماف و دوورە لە بەزین

❀ ❀ ❀

شۆڕشێ وا بێ وا پەرە بستێنێ
بۆ دوژمنت بێ چەند و چوون بسەلمێنێ
خەباتی پیرۆزی كورد بەردەوامە
تا گشت مافی ڕەوای خۆی بەدەست دێنێ

❀ ❀ ❀

* سروودە و ئاوازی بۆ دانراوە

له تۆڵه‌ی تۆ هه‌زار هه‌زاری وه‌ك من
دژ به ناحه‌زانت بێ سڵ له مردن
له ناو جه‌رگه‌ی مه‌رگا وا راوه‌ستاوین
دۆستت پێی دڵخۆش بێ و شه‌قیش با دوژمن

❀ ❀ ❀

جه‌للادانی خوێن ڕێژ له هه‌موو لاوه
گڕی قینی خۆیان له کورد به‌رداوه
ساڵه‌های ساڵه هێرشی بۆ دێنن
کوردیش وه‌ك پێشمه‌رگه‌ی هه‌ر زاڵه و ماوه

شەوی کورد *

نەرویج /١٩٩٢

لە لای هەر گەل لە هەر جێ لە هەر لایە
سپێدەی نوێیە شەو روو لە کۆتایە
لە هەر کام گەل دەڵێی ، رۆژی لێ هەڵدێ
شەوی کوردە گزنگێ لە دووی نایە

❁ ❁ ❁

گەلی کوردم بەهاری هەر خەزانە
شەوو رۆژی خەم وناسۆر و ژانە
گەلانی سەر زەمین گەییینە ئازادی
تەنها کوردە بەشی وا لێقەومانە

❁ ❁ ❁

گەلی برسی ، گەلی ئاوارە زۆرە
گەلی کۆیلە و ستەمدیوو جۆر بە جۆرە
بەڵام نەبووە گەلێ هەر هەمووی دیبێ
وەك ئەم کوردە کە ژینی هەر ناسۆرە

❁ ❁ ❁

---

* سرروودە و ئاوازی هەیە

دەرو دەشتی کوردستان چەندە جوان بوو
تاڤگە و ڕێژگەی هەوارگەوجێی سەیران بوو
بەڵام داخم نەما ئاساری جوانی
نەما شار و نەما لادێ وێران بوو

❀ ❀ ❀

گەلی کوردم ، لە کوردستان بترازێ
نییە دۆستێ بدرکێنی لای رازێ
کەوا بوو با هەموو دڵسۆزی یەك بین
بۆ یەکتر با بکەین گشت راز و نازێ

❀ ❀ ❀

گەلی کوردم ، ئەوی شمشێری دانێ
خەباتی خوێنی دلێری وەلا نێ
ژیان و مردنی بێ نرخ و ناوە
زەلیل و بێ بەشە ، با واش نەزانێ

کۆچی ئاوارەیی *

نەرویج ٤/١٩٩٢

تاکو کەی ژانی گەلی چەوساوەم
کۆڵی ئاوارە و کۆچی نەبڕاوەم
ساڵەهای ساڵە لەمدیوو بۆ ئەو دیوو
سەر لێ شێواوی ناو ئەم گێژاوەم

❁ ❁ ❁

کۆڵی ناچاری ناسۆر و ژانم
نایەوە سەر شان .. بۆ کوێ ؟ نازانم
ساڵەهای ساڵە لەمدیوو بۆ ئەو دیوو
هاوار وڵاتان منیش ئینسانم

❁ ❁ ❁

لە شاری خۆما بێ جێگە و بێ رێم
روو لە کوێ کەم من ؟ هاوار بکەم کێم ؟
ساڵەهای ساڵە لەمدیوو بۆ ئەو دیوو
بەرەو رووی پشکۆ لە ئاگر هەڵدێم

❁ ❁ ❁

نابینم گەلێ وەکو کورد وا بێ
جارێ بە زمانی خۆی رێ نەدرا بێ
لە وڵاتی خۆیا و بۆ کارەساتی
شیوەن دەگێڕێ و پێی دەڵێن نابێ

---

* ئاوازی سروودی بۆ دانراوە

پەیمان

نەرویج ١٩٩٢

قەسەم بەخوا لە ڕێی دینی
ئەگەر طاغوتێکم بینی
ئیهانەی دینی پاکم کا
بەخوێنی تاڵ ئەکەم ژینی

❁ ❁ ❁

ئەڵێن دوژمن لەسەر ڕێیە
هەزاران جۆر چەکی پێیە
کەمن وێڵی شەهیدیم خۆم
بێ باکم چۆنە لە کوێیە

❁ ❁ ❁

ئەگەر پێم دیلی پێوەندە
ئەگەر ڕێم پڕ کۆسپ و کەندە
جیهاد خولیامە .. لەیلامە ..
چون ئیسلامی پێوە بەندە

❁ ❁ ❁

وەرن هــــۆ ئـــــەهلی بێـــــداری
بائامانجـــــیۆ بکـــــەین دیـــــاری
کـــــە حوکمــــی دادی خواویســــتی
بـــۆ گـــــەل بێنـــین وەکـــو دیـــاری

❁ ❁ ❁

وەرن پـــــەیمانی بـــــۆ خـــــوا دەیـــن
هــــەمووومان تـــا لـــە ژینـــدا هـــەین
گیـــانو مـــاڵ و هەســـت و نەســـتمان
بـــە قوربـــانی ئـــەم دینـــە کـــەین

مەشخەڵ

لەگەڵ زیـاد بوونـی سـێدارە وکـۆت و زنجـیرو بەربەسـتا
لەگـەڵ ئـاهی خرۆشـاوی رەش و رووتـانی ژێـر دەسـتا
هەر دەبێ بازووی خوێناوی مەشخەڵی قورئان هـەڵگرێ
چونکە بەردەوام پێویستە خوێن برژێ بەسـەر مەبەسـتا

عومری لە دەست چوو

١٢ / ربيع الاول /١٤٠١
١٩٨١/١/١٨

ئێـوارەی ژیـن بەسـەردا هـات ناچـاری بـازاڕ هـەڵ بگـری
بـەرەو مـاڵی گـۆڕی تـارت بـە تەنـها ملـی ڕێ بگـری
گونـاهت کـرد ، تـامی ڕۆیـی ، سـزاکەی وا چاوەڕێتـە
دە فرمێسـکی پەشـیمانی هەڵوەرێنـە هـەتا ئـەمری
سـەرەنگوێلکی گوناهکـاریت وەك رنـدوو هەرەسـی هێنـا
مەگـەر تۆبـە بـەری بگـرێ ئـەگین رووزەردی ڕۆی حەشـری
تەمەن ڕۆیی ، حەشر دێ ، شادە سەرکەوتوو دەڵێ (هاؤم)[1]
چونکە لـە خوانـی قورئـانی بـۆ تێشـووی پـڕی کـرد دەفـری
دڵۆپـە خوێنـی شـەهیدێ خـاوەنی رووسـوور ئـەکا
لـە مەحشـەردا بریسـکەی دێ کارنامـەی سـپی وەك بـەفری
گـەر کارنامـەی تـۆش براکـەم پلـەی شـەهیدی تیـا نـەبوو
بەسەر عومری لە دەست چووتا لە (بەرزەخ) تاحەشر بگری[2]

---

(١) خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ فاما من اوتي كتابة بيمينه فيقول هاؤم اقروا كتابيه . انى ظننت أنى ملاق حسابيه . فهو في عيشة راضية . في جنة عالية ﴾ الحاقة / ١٩ـ٢٤ .
(٢) بەرزەخ : قۆناغی ژیانی ڕۆح لە نێوان مردن و گۆڕ تا زیندوو بوونەوەی حەشر .

مـــردن

١٩٨٠/٦/١٨ ....

شەرابە ئـاكـامی مـردن پێی ئەگەی نۆشی ئەكـەی
خــاك بـەســەر خۆڵت بە دامان بۆ فەرامۆشی ئەكەی
مردنە ساتێ لــە پڕ دێ گۆڕی تـەنگ و تــارە جێت
فیطرەیـە بــاوەڕ رونـاكە خۆت بۆ خـامۆشی ئەكەی
كــردەوەی بــەد ئــاگــری دۆزەخ بە تینتر پێ دەكــا
جا كەوا بوو بۆ بەدەستی خۆت بۆ خۆت خۆشی ئەكەی
بــەرگی رێزە جێ نشینـی كــردگــار لـەسەر زەوی
تۆ بەرگی شادیت ببێ بۆ سیا پۆشی ئەكەی
ژیرییە بـــەردی بنــاغـەی بیر و هۆشی ئـاییـنـــی
تۆ كە ئەو ژیرییەت ببێ گەوجی سەرخۆشی ئەكەی
دڵنیــا بـــن دێت و دەڕوا ، گەپڵەیـــە ژین ، سێبەرە
نەفامی ، بێ باكی لێی ، خۆتی بێ هۆشی ئەكەی
من ئەڵێم و ئەركــی سەر شانم بەمەش سوكتر ئەكەم
گەرچـــی هێندێ كەس ئەڵێن تۆ بەران دۆشی ئەكەی

لەگەڵ وەرگێڕانی هەندێک کتێبی عەرەبی بۆ کوردی ، هەندێک دێڕە شیعریان تێدا بوو درانە من تا هەر بە شیعر تەرجومەیان بکەم :

ئـــەوەی چـــاوی دڵـــی عاشـــق دەیبینـــێ
ئەســتەمە دوو چـاوی ســەر دەرکــی پــێ کــا
بـــاڵی عاشـــق بـــەرەو عەرشـــی خوایـــی
بـــێ پەڕیشـــەو تـــاوێ دەتوانـــێ ڕێکـــا

❀ ❀ ❀

چـــاوە بگـــری کـــە ئـــەمڕۆ بـــۆ زوڵـــم و زۆر
هـــەزار پـــەڵپ و بیـــانووی بـــۆ دەدۆزن
بەراســـتی زۆر لـــە خـــەڵکی ئـــەم زەمانـــە
تـــەواو بـــوون بـــە وشـــتر و گـــورگ و بـــزن

❀ ❀ ❀

دەبـــێ بمـــرێ ئـــەوەی وا لـــە ژیانـــا
تەنـــها خوایـــە هـــێزی نـــەمر و زانـــا
ســـــتەمکاریش ڕۆژێ دێ بتلێتـــــــەوە
نـــەمرو نـــەژی لـــە نێـــو ئـــازار و ژانـــا

بۆ شەوی قەدر

دڵـــی زینــدوی تامـــەزرۆی ژوانــــی خوایـــی
چـــاوەڕوانی شـــەوێکە ڕۆحـــە بـــایی
شـــەوی قـــەدری قورئـــان و بـــەزەیی و فـــەڕ
لـــە شـــانازی ئـــەوا شـــەو دێتـــە شـــایی

❁ ❁ ❁

ئـــەوی بـــاجی سەربەســـتی خـــۆی نـــەدابێ
دەبـــێ پشـــتی بـــۆ بـــاجی مـــانی دابـــێ

❁ ❁ ❁

گـــەر ئامـــادەن لـــە ڕێگـــەی خـــوادا گلێـــن
چـــۆن و بۆچـــی و لـــە کـــوێ دەبـــێ هـــەر مـــەڵێن

❁ ❁ ❁

هـەر کەسـت دی بـە هـەر شـێوە دوژمنـی تـۆی خـۆش بـوێ
چـاوەڕێ بـە دوژمنێتـی بەرانبـەر تـۆش دەرکـەوێ

بۆ میستەر هودلی

١٩٨٠/٦/٢٥ .....

لۆرد هــودلی ئــەو زانــا ئینگلیزییــە بــوو کــە لــە ســـالی ١٩٣٨ دا ئیســلامی بــردە بــەریتانیاوە . موســـوڵمانێکی میســـری لـــە پارچـــە شــیعرێکیدا باســی کــردووە . ئەمــەش وەرگــێڕانی دوو دێــڕە لــە شیعرە عەرەبییەکــە ، کــە لــە نامیلکــەی (حرکــة الإســلام و مفکــروا الغــرب / د. محســن عبدالحمیــد) دا هــاتووە . نامیلکەکــە کــراوە بــە کوردی بۆیە ئەم دوو دێڕەش بە شیعر وەرگێڕراوە .

ئەوەی خەڵکــی بەڕێز بۆی رائـەوەستن وا بەڕێزانـــە
ئەڵێن ناوی لە ریزی دیــن پـــەروەر و خێر خوازانە
پێوەری خەڵکی وەها بێت هودلی خۆی لێ بێ خەم کە
کــە گومــانی تیــا نییە نێوت لەگەڵ سەرفرازانە
رێبازی راستیت زوو ناسی ، وەك ژیرێ شوێنی کەوتی
چاکە خوازانە ژیایت و رێنماش کاری کارزانە

لە هەر چۆڵ و چیاو هـەردە
لـــە هەر بـن دار و بن بـــەردە

لە هەرجێ شارە یا گونـــدە
هەمووی هەر سەنگەری کوردە

وەکو مژدەش لە هەر جێیـە
دەبینـی خـواوویستـــی لێیە

شۆڕشی کورد

١٩٨٠/٦/٢٤ ....

کورد ئەڵێ راستە چاوەڕێم کەسێ شۆڕشم هەڵسێنێ
دەنگ و سۆزم بەرز تر کا نەهێڵێ کەس بم چەوسێنێ
بەس دەبێ زوو ئاشکرا کا پێڕەوی ڕێبازەکەی
پێش ئەوەی شەیپوری شەڕ لێدا خۆییم پێ بناسێنێ
مارانگازم سڵ ئەکەم لەو ڕێیەی ئیسلامی نیە
چونکە ڕێبازی تر کوفرە ئاواتی‌یە من بتاسێنێ
گەندەڵێکی مایە پوچە لیبراڵی سەرمایە دار
سەرەنجامی خۆڵە مێشە چەند گڕی کلپە بسێنێ
لە گوێشمدا زرینگەی دێ دەنگی بوخارا ئەڵێ[1]
کینەی رەشی مارکسیزم شیرازەی ئیسلام ئەپسێنێ
(ئۆزبەگستان)ی برام دوێ رووبەرووی ستالین ووتی[2]
سەرکردەی پۆڵایین ، راستە دەستت مزگەوت ئەڕوخێنێ
راست ئەکەی توانی بەجارێ قورئانەکان لەسەر سینەم
کۆ وەکات و بە پزیسکێ هەموویان لێک بسوتێنێ

---

[1] بوخارا : گەورەترین ویلایەتی ئیسلامی بوو (٣٠٩) پەیمانگای ئیسلامی تێدا بوو کە هەر هەمووی لە ساڵانی ١٩٣٦ ـ ١٩٤١ لە لایەن کۆمۆنیستەکانی رووسەوە روخێنران .

[2] ئۆزبەگستان : وڵاتێکی تری ئیسلامی بوو ئەویش وەك بوخارای بەسەر هات .

بەڵام خۆ هەر دەسەوسان بوو تا مردیت ساتێ نەیتوانی
بە هەموو هێزی سەربازی باوەڕی من بهەژێنێ
باوەڕی جێگیری ئێمە کلپەی گڕێکی خوایییە
ناوێرێ (دەستی پۆڵایین) خۆی بەرامبەر بوەستێنێ[٣]
داری ئایین رەگی رۆچوو بە ناخی دڵا چۆتە خوار
ریشی مارکس چۆن ئەتوانێ رەگی ئەو دارە دەربێنێ
خوێنی ئاڵی بیست و شەش موسوڵمان خستیە روو
ئەستەمە (ثەورەی ثەقافی) ئیسلامەتی بفەوتێنێ[٤]
بۆیە منیش سڵ ئەکەم لەو رێیەی ئیسلامی نییە
چونکە رێبازی تر کوفرە و هەر ئەو ئەنجامەش دەهێنێ
من (سوعەید)ێکی نەورەسیم ، قورئانەکەم گرتۆتە دڵ[٥]
سەرکردەی بت ، شۆڕشی سوور ناتوانێ لێمی بسێنێ

---

[٣] دەستی پۆڵایین : نازناوی ستالینە .
[٤] ثەورەی ثەقافی: شۆڕشی رۆشنبیری : انقلاب فرهنگی : کە هەر خوێن رشتن بوو .
[٥] سوعەید : ناوی بچوك کراوەی سەعیدە و مەبەست لەوەیە کە شاعیر لە راوەستانیدا دژی کوفر و تاوانکاری خۆی بە سەعید نەورەسییەکی بچکۆلە دادەنێت . سەعید نەورەسی موسوڵمانێکی بلیمەت و لێ هاتووی کوردستانی تورکیا بوو ، دامەزرێنەری کۆمەڵەی (نوور) بوو لە تورکیا .

نامەیەك لە شەوی لە سێدارە دانا

١٩٨٠/٨/٢٧ ....

ماموّستای لاوی خوالێخۆش بوو شەهید (هاشم الرفاعی) لە شەوێکدا نامەیەکی لەسەر زمانی یەکێك لە برا موسوڵمانەکانی بۆ باوکی رازاندەوە ، تا دیمەنی هەستو هۆشی شۆڕشگێڕانەی لاوێکی موسوڵمان بخاتە روو تا وێنەی زیندووی بزوتنەوەی ئەو ویژدانە بنەخشێنێ کە لەگەڵ رووداوەکانی ئەم میللەتە ئیسلامی‌یە لە خرۆشایە .. تا وێنەی شۆڕشێك پیشان بدات کە دژی ئەو زۆردارانەیە کە حوکمیان لەسەر ستەم و نارەوایی دامەزراوە .. ئەو شەوەش وا دیارە کۆتا شەوی ژیانی ئەو برایە بێت چونکە بۆ سبەی ئەو گەردنەی سەری بەرزی موسوڵمانێتی ئەوی هەڵگرتبوو ؛ پەتی سێدارەی تێ ئاڵێنرا و شەهید کرا .

بابە گیان چیت بۆ بنووسم کە من هەر ئەمشەوم ماوە
کەوا وەردیان و سێدارە چاوەڕێمن لە ئێستاوە
منی بەندی گۆشە گیر چیت بۆ بنووسێ خامەکەم
کە دەستم زنجیرە بەند و کۆتم لە گەردن ئالاوە
قۆناغی ژینی دونیاییم ئەم شەو کۆتایی پی دێنێ
بۆیە هەموو تاریکی ژین ئاوا گەمارۆمی داوە
بێ گومانم ئەمشەویش وەك شەوانی دی رادەبووری
سبەی لاشەکەم دەبینن وا بەسەر شانتدا داوە

هەر چۆنێ بم ئەنووسم بۆت تا بۆ دوژمنان بسەلمێ
باوەڕی دینی ناژاکێ ئەگەرچی لاشە جنراوە

❁ ❁ ❁

گەرچی ماتی کوشندەی شەو تارمایی خنکاو دەرئەخا
یادی ڕۆژانەی پێشینەم لە دڵدا سەریان هەڵداوە
لە ناو ژواری بڕینی بڕینی گۆشت و ئێسقانم
پەنامە خەیاڵی نووری ئەو قورئانەی کە سوتاوە
دەرونم مل کەچە بۆی و هەر ئایەتێ خوێندبێتم
موچڕکی ترس و لەرزی خوای بە گشت گیانما هێناوە
ژیام باوەڕم بە خوا بوو بەڵام تا ئێستا نەمزانی
ئەو باوەڕە چ تامێکی لە ناو خۆدا حەشار داوە
دەبا لای بەن کە من تێرم زۆر سوپاسیشیان ئەکەم
نامەوێ قەت خواردنی وان گۆشتی خۆمی تێکەڵاوە
خۆراکی وا تفت و تاڵم لەسەر خوانی خۆم نەدی قەت
کەی ئەمە خواردنی مرۆڤە ؟ کەی ئەمە مرۆڤ لێی ناوە؟
دەستێکم بۆ ڕابهێڵن سوور بوو بێ بە خوێنی خۆم
خۆم ئەوەم پێ خۆشە چونکە خۆم بۆ شەهیدی داناوە

❁ ❁ ❁

بە هەر چوار دەوری دیواری ڕەش و ڕەقا نی‌یە ڕوونی
مەگەر لەو پەنجەرۆکەی وا بە شیشی ئینجی تەنراوە
پەنجەرەی چی؟ ئەویش بەندە وەکو دەنگی منی بەندە
ئەویش هەتا سینەی بەردە و لە چیمەنتۆ چەقێنراوە

نــه پڕ سینەی هــەوا ئەمژێ ، نه ئاهی دەردەچێ جارێ
مـەگەر جارجاره ڕێی من دا . ئەویش هێندەی ڕێ دراوه
گەلێکم چـاو بــه چاویـا گــرت هەتــا لێیەوه بـــڕوانم
وەك بێداری ســـەرنج دەمـــه ئــەو میللەته ماف خوراوه
دەبینم ڕوو ، دەبینــم دڵ ، هەست وهۆشی هەقپەرستان
چۆن دەکوڵێن، چۆن دەخرۆشێ ، گەرچی به تەم داپۆشراوه

❁ ❁ ❁

کــش و مــاتی شەو لــەپڕدا زڕەی زنجـــیره ئــەیبڕێ
پـــاسەوان لـکی شۆڕ بۆوەی بۆ لای سەر شانی هەڵداوه
هەر ســـاتــه نــاساتێ به زۆر خەو له چاوی ئەتۆرێنێ
وەك عــەودالێ چــاو ئــەگێڕێ لـــه هـــەلآتنم ترساوه
بەلآم لـــه درزی دەرگـــاوه کــه سەیری ژوورەکەم ئەکا
دڵی هێمـــن ئـــەبێ چونکــه بنــی پێی نێچیر ئاوساوه
هــەســـت به ڕق و کینــه ناکەم بەرامبەری به هیچ شێوه
چی کـــردووه تـــاکو وا بم ؟ ئەویش بــه ستــەم تاساوه
بـــابه گیـــان ئەویش وەکـــو تۆ دڵ و ڕەوشتی زۆر پاکن
بـــەلآم ئەمڕۆ پـــاروه نــانی ئەو وا به دڕکـــا گیرساوه
خۆ ئەگەر وەنەوزێ جـــارێك چـــاوی لێم پێ بکا غافڵ
خێزانــی تـــاڵی ئــەچێژێ ، خۆشــی زیندووی نەبڕاوه
کــســـێ ئـــەزانێ ؟ لـــەوانـــەیـــه بـــگەڕابـــایـــەوه ماڵێ
شێوەمی بهاتبا یادو بگریابا وەك وەی کوڕی خۆی خنکاوه

گـەرچی بـەنـدیـخـانەکـەیشی دڕنـدەیـە تۆقێنـــەرە
لــەوانــەیــە شــاعیر بـوایـە ئەمەی بە شیعر بهۆنراوە

❁ ❁ ❁

خۆ زیانم لێ نەدەکەوت . تووشی ئەشکەنجەش نەدەبووم
رازیش دەبووم بەو قسانەی گوێی هەندێك پێی ئاخنراوە
وەکـو هەموو دڵ بەزیـوێ خۆ دەمتـوانی مــت و کـپ بم
بێ باس و خواس ، وەك ئەو بەردەی لـە بن گۆما داڕژاوە
هەمان هەست و سۆزە لای هەموان ئەگەرچی کەس نی‌یە
ئاشکرای کا ، چونکە خەڵکی لــە بێ دەستی حەپەساوە
هەســت مردووە ، تــرسنۆکە ، نـەفــامێکی هیچ نـەزانە
ئـەوەی وا بــە کۆدەتــای گەمژەو گەوێلان خــەڵــەتاوە
ئـەو ئـاگرەی وا لـــە دەوری گـــەل کڵپـەی بڵێسە ئەدا
ئـەو خوێنــە دای ئـەمرکێنێ کــە لافـاوی پێ هەستاوە
دڵم وورِیایە بــابــە گیـان ، وەك خۆی ئـاســایی لێ ئەدا
گەرچی سبەینێش ئەیبینی وا لــــە لـێدانی وەستـــاوە
ستـــەم مـــاوە ، وا زوو کۆتی نــاپسێ بـــە مردنـــێ
گۆڕینـــی هێزێکی ئـــەوێ ، هێزیـــش شۆڕشی خوێنـاوە
بـــا ستەمکــاران هەزاری وەك من و تۆش لە داریٚ دەن
گـــەل رانە ، چۆن زەرەر دێنێ ، کە تاکێ بەرخی خوراوە

❁ ❁ ❁

هـــەســـت و سۆزی دەرونە وەك زیندویەك ئاوەها ئەدویّ
تـــا بۆ جیهـــان بســـەلمیّنیّ كە قەت وەك كۆیلە نەژیاوە
بـــاوەڕە پیّم ئـــەڵیّ ژیـــان گـــەلیّ مـــەزنترە لـــەوەی
چـەپڵە لیّدەی بیّ مافی بوون بۆ وەی بە حوكما هەڵزناوە
ئەڵیّ گـەرچی سبەی كۆتا هەناسەت دەر ئەچیّ لە گیان
لـــە پـــاش خـــۆت بۆیـــان دەبیتە ئیّش و ئازاری نەبڕاوە
زەنگوڵـــەی خویّنی تكـــاوو پیّستـــی شـــین و مـــۆری تۆ
ئۆفـــی ژانـــی ســـەرو سینەت كـــە ئاوا خویّنی تیّ زاوە
سپیّدەی رۆژیّكی نـــویّن و نـــووری گزنـــگی ئـــازادیـــن
ستەمكـــاران دڵنیـــان دیّ ، بۆیـــە هەمـــوو شڵـــەژاوە
فرمیّسكی سەد بەندی وەك تۆ كە دەتكیّ بەسەر پیّوەندا
لەگەڵ خویّنی شەهید سبەی دەستیان لە دەستی یەك ناوە
بـــە هـــەر دوولا لیّرەو لـــەویّ كـــە جۆگە زۆر هەڵدەبەستن
دەبنـــە لافـــاو ، رادەمـــاڵن ئـــەو رژیّمـــەی رویّنـــراوە
خـــۆ گـــەلیّ جـــار رەشەبـــا كاتیّ هەڵ دەكا ، ئاو هیّمنە
كـــەشتـــی لـــە رۆخی دەریـــادا دابین بووە و دامەزراوە
گڕی (ئاگر پژیّن)یش تـــا زۆر تر لـــە ناخا كڵپەی بیّ
هیّز زیاد دەكـــا ، هیّرشی دیّ بـــە بەرد بە ئاسنی تواوە
دڵۆپە دڵۆپی بارانیش كـــە یـــەك بـــە دووی یەكدا هاتن
روبـــاریّ وا پیّك دەهیّنن كـــە لافـــاوی وا بـــە دواوە
بە یەك دەست هەڵدەكیّشن روو رەگ و ریشاڵی زۆرداری
جـــا ئـــەو سیـــاتە ئۆف و نـــاڵە و هاواریشیان سەر بڕاوە

❀ ❀ ❀

نازانم ئاخۆ لـــه پـــاش مـــهرگم بهسـهر هاتم دهبێ
وهك رووداوێ بوتـــرێ ؟ یـــا دهچێتـــه گێژی ههواوه
ئـــاخۆ بـــاسم لـــه نێو دێڕی پـهڕهی مێژودا چ بێ ؟
كرێ گرتــــهم ؟ یـــا وام لـــهگهڵ شكێنهری بتی پواوه
خــۆ ئـــهوهنـــدهی خۆم بـــزانـــم دڵنیـام توانام نیيه
گوێچكهی مل كهچی تهپ كهم، وهك ئهوهی دینی بهرداوه
خۆ ئهگهر لـهم شۆڕشـــهم دا هیـــوام مـــافێ نـهبووبێ
دهستـــی میللهتی لێ گیر بێ ، بۆ خۆم لهم گێژاوه داوه ؟!
ژیـــانی پــڕ ڕێـــزم ئـــهوێ ، بێ كۆت و زنجیری پێ
بــێ تۆقــاندن . وهك ئـهو ژینهی ئیسلام فهرمانی پێداوه
دهمـــاری لـــهش جۆگه خوێنی ئـــازادیخـــوازانـهیـه
گـــهر بشكلێم عێزهتی نهفسم هـــهڵ ئـهگـــرم كـــه رواوه

❁ ❁ ❁

بـــابـــه گیـــان سبـهینێ كاتێ سپێده تیشكی رۆژ دێنێ
ئـــاشكـــرانه دهخـــاته روو كـــردهوهی بـــهدی شاراوه
لـــهگهڵ ئـــهو دهنگه زوڵاڵهی ههتیـــوی سهموون فرۆشا
كـــه لێك دهدهن لـــهو دهرگـــایهی بـــهڕوویانـا داخراوه
لـــهو كـاتهی ئهو وهك عادهتی دێ له دهرگای ماڵێ ئهدا
سبهینێ زوو وهردیـــانێك لهبهر دهرگای من وهستاوه
فهرمووی سێدارهم لێ ئهكاو ، ههروا لهدوای ساتێكی كهم
لـــهگـــهڵ نـــان خـــواردنی ئێوه ملـــم بـــه پهتدا كراوه
له پێش تهواو بوونی ئێوه رۆحی من به خوای خۆی ئهگا
ئیـــتر هـــهر لاشـــهی مردوومـه كـه به دارا ههڵواسراوه

❁ ❁ ❁

بـابـه گيـــان با وێردی پرسەت تابلۆی ئاگاداری بێ
کـه پـەتـی ئـەم سێــدارانــه لــەم ولاتـه نەڕێسراوه
لـــه جێیەك ڕێســراوه ئەلێن (خاوەن شارستانی)یه!!
یــان ئـەلێن گوایـه ئاوایــه . ئـاوا بۆ ئێره هێنراوه
به یارمەتی ئالقه لــه گوێ و بـەکرێ گیراوانــی ناوخۆ
بۆ ئـەم ولاته زامـــارەم بـــه تایبـــەتی نێـــرراوه
بـابـه گيـان حـەز ناکەم ئیتر شەوو ڕۆژت پشێوی بێ
خەفـەت گـرتوو . کراس ڕەش ، وەکو له لای خەلك باوه
ئــا بـابه گيـان چـاك بزانـــه کوڕی له سێداره دراو
ئەوەنـده عـەشقی خـوا بـوو بوو تا له ڕێیا سەری ناوه
تۆ بـیرت دێ کـــه منالّ بووم چەندت سرود فێر دەکردم
دەربارەی خۆشەویستی خواو خاكو ئەم خەلّکه چەوساوه

❁ ❁ ❁

توخـوا بـابه هــەر کـاتێ دیـت دایکم فرمێسك ئەڕێژێ
بۆ ئـەو کـوڕه شەهیـدەی وا لـه تافی لاوی سەری ناوه
کـه بینیــت وا ئــاهی ژان و پرمەی گریـــانی به کوڵی
لـەبــەر دراوسێ کـپ دەکاو ، ئەمەش ژانێکی دی داوه
توخوا بـابـــه لـەجیـاتی من داوای لێ بووردنی لێ که
هەردووك ، گـەردنـم ئـازا کـەن لەو هەلانەم که ڕویداوه
قسەی نـەرم و نیـانی ئەو ، وا له گوێمدا زرینگەی دێ
جـارێ به سۆز ، جـارێ گلەیی ، یـا به تورەیی سزاوه

کو ی خۆم کــوڕی شیرینـــم تــوخــوا بەسە توانام نەما
دڵم خۆش کەو سەرپێچی بەس ، وەکو خۆت بەڵێنت داوە
بــا بـگــەڕێم کچێکی ژیــری خــــۆت ئــاسـا بهێنم بۆت
یــا خــــۆت بیڵێ ، ئەو ئـــاواتەم بهێنــــە دی بێ ئـاژاوە
هیــــواو ئـــاواتی ئـەو وا بوو ، بــەڵێ بەڵێنیشم دابــوو
بەڵام خەبــاتی خواوویستی خۆشترە لــە ژیــانی بڕاوە
نـــازانــم ئــــاخۆ لــــە مەو دوا هیواو ئاواتی چ دەبێ ؟
مــەگــەر هەر خوا ئارامی خۆی ببەخشێ پێ ی هەتا ماوە

❁ ❁ ❁

بـابـــە گیان ئەمە بوو وویستم وەکو ڕاسپاردە بینووسم
ئــەمــانــەشن لــە ناخمدا ، لـــە فیکرمـدا ، گیر دراوە
بەڵام بــابـــە رونـــاکی دێ ، گەر خوا حەز بکا ئەیبینی
هــەرچـــی یاسای کوفرە ئەوا لە ژێر پێ ی گەل شێلراوە
جـــا ئەوی هـــاو وڵاتیم بوو ، جــارێ دێ بێمەوە یادی
خـۆ ئـەگــەر یەکیـش نەناسین ، هەموو لای خوا ناسراوە
هیـــوام ئاسودەیی گــەلـــە ، لـــە سـایەی شەریعەتێکا
بــە فەرمانی خوا دێتە دی و نەخشەی لای ئەو داڕێژراوە

کێ .. کەی .. لە کوێ ..؟!

..... ١٩٨١/٨/٢٢

کێ کـەی لـە کـوێ بیستی ژیانی تاڵی کورد
کێ کەی لە کوێ فرمێسکی رشت بۆ حاڵی کورد
کێ کەی لـە کوێ دڵ و دەرونـی داخورپـا
بۆ نوورزەی کـپ کـراوو نـاڵە ناڵی کورد
کێ کەی لە کوێ هەست و هۆشێکی هاتە بەر
بۆ لافـاوی خـوێنـی رژاوی ئـاڵی کورد
کێ کـەی لـە کوێ بـاوەشی سۆزی کردەوە
بۆ هـانا و زریکـەو ژانـی منـاڵی کورد
کێ کەی لە کوێ ژێری جولاّ و سوودی هـەبێ
بۆ کوردستـانی بێ نەخشە ی زوخاڵی کورد
کێ کەی لە کوێ (مەی) بـابە گوڕگوڕ بنۆشێ[1]
ئـەڵێ بـژی رەش و رووت و رەجـاڵی کورد
ئەوی بۆ پـارە سـەر یەك نـان بلێسێ پێ
بۆ خەریـك بـێ بـە ئـازادی مەحالی کورد ؟
مـادام ڤیتـۆ سنـووری ولاّت دادەنـێ[2]
هـەروا دەشێوێ مێژوی کـۆنە سـاڵی کورد

---

[1] مەی بابە گوڕگوڕ : مەبەست لە نەوتی شاری کەرکوکە .

[2] ڤیتۆ : حق النقض : مافی بەرهەڵست کردن : ئەو مافەیە کە ئەمریکا و روسیا و چین فەرەنسا و بەریتانیا هەیانە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، کە دەتوانرێت سەدان کێشەی وەك کێشەی کوردی پێ بێ دەنگ بکرێت .

رەوشتــی پــاکی ئــەم ئیسلامەیــە چارە
بۆ دڵســۆزو ئــازادیخــوا وعــەودالی کورد
کــاتێ دەڕوێ لــەگەڵ خوێنــا لــە کوردستان
(الله اکــــبر) بــــە دەنگــی زوڵاڵی کورد
لــە جێی گوڵبێنــەی[٣] سەربــازی وونی کوردا[٤]
ســەری ڤیتۆ کڕنــوش دەبــەن بۆ زالــی کورد

[٣] گوڵبێنە : چەپکە گوڵ .

[٤] سەربازی وون : سەربازی نەناسراو : مەزاری ئەو سەربازە نەناسراوانەیە کە لە کاتی جەنگدا کوژراون و تەرمەکانیان دەست خاوەنیان نەکەوتوونەتەوە .

بۆ دەرون بەزیوەکان

١٩٨٢/١٢/٣ ....

لــە چەرخی پڕ لــە گێژاوی ستەمکاری و رق و کینە
لـەم شـەوی تـاری تـاوانەی گرتـوویە رووی ئەم زەمینە
لە ژێر سایەی رژێمی بەد دەنەخشێ مەرقەدی مردوو
کەچی دەجنرێو بێ گۆڕیش دەبێ دڵسۆزی ئەم دینە
لە ژێر باڵی رەشی کوفرا کە دەکشێ بەسەر مزگەوتا
لــە گشــت ماڵێ دەبینــرێ پرســەیــە گریـانە شینە
دەشێ لە سووچی مزگەوتی (ضرار)ا خۆت کڕو کپ کەیت[1]
مۆم و بــوغرد و داری عــود بسوتێنــی بۆ ئەم ژینە
تۆ لە خۆشەویستی خوادا دووسێ فرمێسك دەڕێژی
بەڵام فرمێسكوخوێن هەردووك نرخی رووی خودا بینینە
تۆ (ایاك نستعین)ت بۆ پلــە و پــایــەی دنیــایــە
بەڵام (ایاك نعبد)ش بۆ بــەرگــــە کفنــی خوێنینە
ریش و تەسبیــح و نزای هەزارانـــی وەکـــو تۆیـە
بۆ بەردەوام بوونــی طاغووت تەلە ، دڕکە زی پەرژینە

---

[1] مزگەوتی ضرار : مزگەوتێ بوو کە دووڕووەکان لە مەدینە درووستیان کرد بۆ چاوبەست کردن لە موسوڵمانان . تا وای نیشان دەن کە زۆر خواپەرستن ! بەڵام خوای گەورە پیلانەکانیانی ئاشکرا کرد و پێغەمبەریش (صلی‌الله علیه وسلم) روخاندی .

گوایه ئەمڕۆ کە نەما هیچ بستە خاکێکـــی ئیسلامی
ڕێگەی ڕزگـــاری و ئازادی هەوڵە یان دەروون بەزینە
ئائەمەی وا تۆش براکەم بە سەبری مەککەی تێ دەگەیت
دڵنیـــا بـە خۆ کوشتنە چونکە تۆ (ذل) ئەکەی پینە
سبەی یا دووی کاتێ سەربازانـی کوفر هێرش دێنن
دەبینی میحرابی ڕوخاو وەك قورئان بە خوێن ڕەنگینە
قورئـانی پیرۆز و میحـراب چۆن وایان لێ بەسەر نایە
کـە پاسەوانی هەردووکیان شاڵ و شمشێری دارینە
مـادام شەوورۆژی ژیـان بۆ هەردوولا وەکو یـەکـن
هۆی جیـاوازیش تـەنهـا (فضل الله المجاهدین)ە
دەســا خوایە بە تەنهاش بم پەیمانم نوێ دەکەمەوە
تۆش شەهیدیم بە نسیب کە لەسەر ئەم دینە شیرینە

تاك و بێ چەك

پاوە / ئێران - ١٩٨٤

هاندانێكی ئیسلامی‌یەكان بوو بـۆ هاتنـە مـەیدانی جیـهاد و كۆتـایی هێنان بە دوودڵی و رارایـی .. لـەم سـاڵانەدا هاتنـە مـەیدانی جیـهادی چەكداری یان نەهاتن و خـۆ مـت كـردن بابـەتی موناقەشـەی هـەموو كۆڕێكی ئیسلامی بوو !.

لە شارا بی یا لـە سەحرا و كێوی چۆڵ
تاكو (تـاك)ی دەبێ خەم بگریتە كۆڵ
ئەو كاتە رۆی كە لە جێورێی خۆت دەبووی
رووت دەنایە شاخی عاسی و دەشت و دۆڵ
چونكە ئەمڕۆ ئەشكەوت و ڕێ یاساغن
بە ڕووی تۆدا ئەگەرچی كوردیو كلۆڵ
چونكـە ئـەمڕۆ ڕۆژی حیزب حیزبێنـە
موسوڵمـانیـش لاڕێ كەوتـووە بێ ڕۆڵ
ئەوی ئـەمڕۆ بێ چـەك و پـارت و كۆڕە
ئـەوەك هەر جاشە .. كورد نی‌یە و زۆڵ
تۆش كە هێشتا قۆناغی مەككـە دەبڕی
با پیشەت بێ بە خوێن تەڕ كردن مژۆڵ

سەرەنجامی متی تۆ و بتی دوژمن
ئەم ئیسلامە کەوتووە وەك شێری کۆڵ
لە بێ تۆیی سەفاراتی وڵاتان
لەبەر دەرگای هەڵدەتوتن کورد کزۆڵ
لە بێ تۆیی پێشمەرگە بۆتە جەردە
لە بێ تۆیی مۆنج ئەدا بیری کرمۆڵ
ئاخ بۆ ئەو رۆژەی موسوڵمانانی کورد
دێنە مەیدان وەکو ئەفغان توند و تۆڵ
خۆزگە دەمام و دەمدی چەکی دەستیان
تەنگ هەڵدەچنێ بە بیری پەڕیدەو زۆڵ
جا شەرعی خوای وەك یاسا دێنایە پێش
جاهیلێتیشی دەرمان دەیکردە خۆڵ

سروودی سەربازگە

١٩٩١/٥/٢١ ....

سروودی دەست پێ کردنی مەشقی سبەینانی سەربازگەی صلاح الدین بوو کە پاشان بووە سروودی فێرگەی سەربازی و خولە سەربازییەکانی دوایی ؛

رێگەی جیهاد ئەگرین هەموو
هەرگیز لێی لانادەین بە موو

❀ ❀ ❀

دژی کوفرین بە هۆش و هەست
دژین بە دڵ ، بەدەم ، بە دەست

❀ ❀ ❀

خواوویستی رێی رزگارییە
ئیسلام مایەی بەختیارییە

❀ ❀ ❀

پەیمان ئەدەین مان و نەمان
تەرخان ئەکەین بۆ و دینەمان

ئەمەش هوتافەکانی کاتی مەشق کردن بوو :

ئێمە نەوەی صلاح الـدینـین — قـوربـانی رێبـازی دینــین
ئێمــە نەوەی صلاح الدینـین — تـۆڵـەی دینی خوا دەستێنین
تۆڵەی دین و تۆڵـەی ئـابڕوو — تـۆڵــەی شـار و لادێ هەموو
پەیــمان بێ بۆ خوا تـا مردن — لە جیهاد دا بین بێ سڵ کردن
ئێمە پێشمەرگـەی ئیسلامین — دوژمنی سەرسەختی صەددامین

تــەنها پێشمەرگەی ئیسلام
ئاوها بـە هەیبەت و سـامە

❁ ❁ ❁

تۆڵەی هەڵەبجە و خورمـاڵ
توند تر دەبێ ساڵ بە ساڵ
هەڵــەدن و ســەرگەڵــوو
لــە تۆڵەیان داین هەمــوو
تۆڵەی هەمــوو بـادینــان
دەستێنین لــە بێ دینـان
راپــەڕن ئەمڕۆ هــەلــە
ئیســلام رێبــازی گـەلـە

هێزێکی مۆمیا کراو

تاران ١٩٨٤

کام هێزەی زۆر تۆقێنەر بوو
لەسەر زەمین
یان وەك ئەتۆم ترسێنەر بوو
درابووشە
دەست خوێنڕێژی وەك ستالین
بڕوات نەبوو لە شەصتەکان [١]
کاریگەر بی
وەك یەك پیتی
ووشەی (اخوان المسلمين) ! ..
کەچی ئەمڕۆ
هوتافی (الجهاد) ەکەش
وا بۆتە ماددەی پێکەنین ! ..
چونکە (جیهان)ە شێرەکەی ئیمام بەننا [٢]
هەر لە پاش خۆی
مۆمیا کراو
دان و نینۆکی هەڵوەرین !..

---

[١] ساڵانی ١٩٦٠ ـ ١٩٧٠ ز

[٢] ئیمام بەننای رەحمەتی دەزگایەکی بە ناوی (الجهاز السری) . یان (النظام الخاص) ەوە . درووست کردبوو کە مەشقێکی گرنگی سەربازیان پێ کرا بوو . بۆ تررۆر کردنی تاوانباران . خۆی بە جیهازی (شێر)ی ناو دەبردن .

فرمێسك

تاران ١٩٨٤/٦

کاتێ قورئان ئەسوتێنن وەکو (ئەتك) ێ
لە تۆڵەیدا
ئەوی کە زۆر لەخواترسە
دوو دڵۆپ فرمێسکی ئەتکێ ! ..
بەڵام بە درێژی مێژوی دین
هەموو فرمێسکێکی خوێنین
یا هەنیسك و لووشکە کردن
دەبوون بە ژان
دەبوون بە قین ! ..
ئەی ئەمڕۆ بۆ
لە ترسی ئازار و مردن
نابنە وورەی ئیسلامبولی[1]
نابنە گیانی تۆڵە سەندن ! ..

---

[1] خالد ئیسلامبولی : ئەو ئەفسەرە قارەمانەی کۆمەڵی جیهادی میسری بوو کە(انوەر سادات)ی سەر کۆماری میسری کوشت ..

گیانی تۆڵە

سلێمانی ٢٠/٧/١٩٨٤

به بۆنەی شەهید بوونی مامۆستا مەلا عومەری تیمارەوەیە کە لە لایەن پێشمەرگەی ئازادیخوازی یەکێک لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە ترۆر کرا !..

چەندین ساڵە

بیری رزیووی (لات) دەجوون[1]

دەمە داسی شکاو دەسوون

دەتانەوێ

خوێنی داعی و مەلا و موفتی

لە چەکوشی مارکس هەڵبسوون !..

دەتانەوێ

منارە و گەردنی بەرزی

مەلا عەمامە پاکەکان دروێنە کەن !..

لە کوێ خوارویستێ ورتی (لا)

وەك تەتەر روو لەو شوێنە کەن !..

بەڵام موسوڵمانی ئەمڕۆ

---

[1] لات : بتێکی گەورەی قورەیش بوو .

دڵنیان لە دوو خاڵی خۆ
خوێنی ئاڵی پێغەمبەران
سووتی ڕێیە
کاردانەوەی خوێنی هەر (مەلا عومەر) ێ
وەکو شەهیدێکی میحراب
تا فەتحی مەککەیەکی تر
وەك تۆڵە چاویان هەر لێیـە

کرنووشی ناسایی خواوویست

زیندانی توربەت پاکستان ١٧ ١١ ١٩٨٤

نامەیەکی سۆزو هەستی بەرپرسانەی کراوەیەو بۆ ئەو لاوە خواوویستانەی کوردستان ووتراوە کە هێشتا لە ئیسلامەتی‌یەکەیاندا سەرەتا بوون‌و من بە ناچاری بە جێم هێشتن !

.... (١) ....

هۆ گوڵە گەنمە کاڵەکان
قەت مەپرسن
بۆ تاغووتە خوێن تاڵەکان
لە بوون و چەمانەوەتان
وا ئەترسن ؟!
چونکە ئێوە
کە پشکوتن
نیشانەی دادی خواوویستی و
هیوای کۆنی رەش و رووتن ..
کە دێشنە بەر
لە دایك بوونی عومەر و
رمانی عەرشی تاغوتن ..
چونکە ئێوەی تێگەیشتوو

ئێوەی گوڵی پێگەیشتوو
لەو کاتانەی
دوژمن بە زۆر
گەردنتان پێ ئەچەمێنێ
وەکو خۆرن
کە ناسایی چەمایەوە
هەرچی بوونی غەیری خۆیە
لە ساتێکا ئەسوتێنێ !..

.... (٢) ....

هۆ گوڵە گەنمە کاڵەکان
دەزانن بۆ
وا تاغوتە خوێن تاڵەکان
دەترسن لە مانەوەتان
لە زیندانیش
سڵن لە چەمانەوەتان ؟!
چون ئەوان خەڵك رادێنن
لەبەردەمی ستەمکاران
سەریان شۆڕ کەن ..
کڕنووش بەرن
تف لە خۆر کەن ..
(نەبوو) ی خۆیان بسەلمێنن !!
بەڵام خواوویست

کە پەروەردەی ئیسلامی‌یە
لەدایک بوون
لە ناو نەچوون
هاتنە مەیدانی ...
حەتمی‌یـە
لەبەردەمی هەر دوژمنـێ
گەر بچەمێ
وەکو (سەیید)
لوغمی ریشەکێشی ئەو و
تۆوی لەدایک بوونی نوێی
خواوویستی تر
ژێـر خاک ئەنـێ !..

.... (٣) ....

هۆ گوڵە گەنمە کاڵەکان
گەرچی ئێوە
ئاشتی‌خواز و دەروون پاکن ..
گەرچی هێشتا
چەند کەسێکی تەرە و تاکن ..
بەڵام لە فەرهەنگی کوفرا
هەر هەمووتان
خەڵەفاو و
کۆنەپەرستی زگماکن !..

(مـطرف)ی قژ بژ و
دژ مرۆڤ و ترسناكن !..
دەزانن بۆ ؟
چونكە ئێوە
لە كوێرە كانی مێژوا[٢]
بە دادی دین و ژێرەوە
تەقیونەوە ..
لە ریش سپێتی زەمانەدا
بە غیرەتی (موغیرە) ەوە [٢]
هاتوونەوە ..

....(٤) ....

هۆ گوڵە گەنمە كاڵەكان
گەرچی خوا زۆر دلۆڤانە
زۆر بەخشندەو
بە بەزەیی و میهرەبانە
گەرچە هێندە دادپەروەرە
مافی بزنێكی بێ قۆچ
لە هەزار قۆچدار دەسێنێ ..

---

[٢] ئەو كانیانەن كە لە بەهاراندا دەتەقنەوە .

[٢] موغیرەی كوڕی شوعبە ـ خوا لێی رازی بێت ـ یەكێك بوو لە یاوەرانی پێغەمبەر ـ صلی‌الله علیه وسلم ـ كە بە شمشێرەكەیەوە چووە لای كیسرای فارس و ووتی ئێمە بۆیە هاتووین تا خەڵكی لە بەندەپەرستی رزگار كەین و بیخەینە سەر رێی یەكخواپەرستی ...

بەڵام .. بەخیل و زەلیل و
ترسنۆکان دەبوغزێنێ ..
بۆیە لە رۆژی دواییشا
موستەزعەف و موستەکبیران
لە یەك جێگەی جەهەننەما
دەسوتێنێ !..

.... (٥) ....

هۆ گوڵە گەنمە کاڵەکان
نابێ ئێوە چاوەڕێ بن
هەر بەوەی بوونە سەد کەسێ
بۆ ئەم و ئەو
بێ ئەوەی هەڵێ برەخسێ
کەواسووری پێش لەشکری
تولە رێ بن !!
چونکە ئێوە
ئێستا جۆگای جودا و دوورن
دوژمنانیش
لەسەر قەلاچۆتان سوورن
بۆیە دەبێ
سڵ و سرکانە خۆ زۆر کەن
خۆتان جۆر کەن
دڵنیاش بن
کە هەتا دنیا دنیایە
سیستمی دادی ئەم دینە
لە شیرك و کوفرەوە نایە ..

....(٦)....

هۆ گوڵە گەنمە کاڵەکان
نووسیبووتان
کە زۆر دەمێکە چاوەڕێن
بنووسم سرود و شیعری
باروت و خوێن !..
تا ناسنامەتان دەرکەوێ
کە سەر بە کێن و روو لە کوێن ؟
بەڵام هۆ ئازیزانی من
بەڕێز و دڵسۆزانی من
شیعرەکانی (کەعب) و (حەسسان)
کاتێ قورەیشیان دەترسان
کە لە دووی شمشێری بەدر و
سوپای یەمامە دەوەسان !..
دەبا لەگەڵ شیعر و سروود
وێرد و درووود
ئەمجارەیان
لە شار و دێ
لە نێو کۆڵان و شەقام و لاچەپە رێ
لە هەر لادێ
مەترسی دوژمنی لێ دێ
لەو جێیانەی
پڕ کەند و کۆسپ و بەندەنن
لەو رێیانەی

کەمینی دوژمن دەیتەنن
لەو رووبەروو بوونەوانەی
خواوویستی کورد
وەك ئەسحابە
بە رووی مەرگا پێ ئەکەنن
لەو شوێنانەی
زات و وورەی پواو دەشکێن
کاتێ وەکو ئەفغانستان
شەپۆلی پێك دا ئەدا خوێن
ئا لەو کاتە
کە هێز و دادی خواوویستی
پێکەوە دێن
دڵنیا بن .. بەس لەو کاتە
لە هەموو لایەك دەناسرێن
کە ئێوەی خاوەن ئەو هێزە
چین و کێن و لە کوێوە دێن !..
بەڵام بێ بوونی ئەو هێزە
نەوەك شیعر
نەوەك شاعیر
کام داعیەی زۆر بەرێزە
دەبینی سەری زۆر بەرزە
وەکو سەری ئیمام حوسەین
بەڵام لەسەر نووکی نێزە !!

هیوای پیاوی بێ چەك

جاجی ئەفغانستان ٧ ١٩٨٨

هێزی کوفر
با سەر ببڕن
با سك بدڕن
با بکوژن
با خوێن بڕژن
ئابڕوو بتکێ
با قورئان بخەنە ژێر پێ
با هەموو مزگەوت بڕوخێن
با میحراب پڕ ببێ لە خوێن
با خواوویستی خاوەن ئەسەر
لە زیندانا
لە مزگەوت و سەرشەقام و
لە ناو کوچەو کۆڵانانا
بڕوا .. وون بێ ، بێ سەر و شوێن !!
چی بکەین ئێمە
کە ئەمە قەدەری خوایە ..
(الخيرُ فيما وقعَ) و

ئێمەش هیچمان لەدەست نایە ..
ئێمەی بیر تیژ
دەبێ سوور بین لەسەر رامان
لەسەر رێ بین
هەتا لە پەرلەمانێکا
خاوەن جێ بین
لەوێ رەنجمان دەخەینە کار[1]
تا دژی ئەم تاوانانە
هەموو را دەین
بە (رەفزو شەجب و تەندید)ی ناو پەرلەمان [2]
دەسەڵاتی کوفر رادەین ..

---

[1] وەك ئەو برا بەستەزمانانەی هیوایان بە پەرلەمانی میسر و ئوردن و ... هتد هەیە
[2] وشە فشەڵە ناڕەزایی‌یەکانی سیاسەتی ئەمڕۆن !!

هۆ هەڵەبجە

پاکستان ١٩٨٨/٤/٢٠

هەڵەبجە لە ڕوانگەی ئیسلامی‌یەکانی کوردستانەوە شارێکی سەرکردایەتی و بنکەیەکی ئیسلامی بەهێز بوو ، چونکە لە رووی ڕێکخستن (تەنزیم) و تەوجیهی‌یەوە زۆربەی جێگاکانی کوردستانی ئاراستە دەکرد . بۆیە هیواو ئاواتی گەورەی هەموو لایەکمان بوو بۆ بەرپا کردن و ڕاگەیاندنی جیهاد . بەڵام زۆر بەداخەوە تەنانەت لە دوای ئەو کارەساتە دڵتەزێنەش کە بەسەریدا هات کاتی جیهادی ـ لە لای ئارامگرەکانی مەککە ـ هەر نەهات و هەر نەهات !!

ئەم شیعرەش گلەیی‌یەکی برایانەیە و لەو برایانە دەکرێ ، نەک هەر شیوەن و لاوانەوەیەکی شاعیرانە ..

.... (١) ....

هۆ هەڵەبجەی کوفر بەزێن
شاری دلێر
شاری هیوای خەڵتانی خوێن
زۆر دەمێ بوو
هێزی کوفر دەیانزانی
منالانی کانی قوڵکە[1]

---

[1] کانی قوڵکە : گەڕەکێکە لە هەڵەبجە .

بزماری مینبەرێکی نوێن ..[٢]
زۆر دەمێ بوو دەیانزانی
راپەڕینت
شمشێرێکی بێ کالانە
بە دەست شێرزادەی بەوەفای
جیهادی صەلاحەدینت ...

.... (٢) ....

هۆ هەڵەبجەی کوفر تەزێن
شاری نەبەز
ئاواتی سی ملیۆن کوردی
موستەزعەفی بێ سەروشوێن ..
زۆر دەمێ بوو
هێزی کوفر دەیانزانی
نەڕەی تەکبیری جەژنەکان
هەورە گرمەن ..
سەدای جیهادی ئەفغان و
بروسکەیەکی حوتەینی ئەم سەردەمەن ..

---

[٢] دوای ئەوەی خاچ پەرستەکان ماوەی ٨٨ساڵ قودسیان داگیر کرد . لە ٢٧ی رەجەبی ٥٨٣ ی کۆچی– ٢ ١٠ ١١٨٧ ز صلاح الدینی ئەییوبی ـ رحمه الله ـ دوای شەڕی حطین ئازادی کردەوە .. خاچ پەرستەکان کە چوونە ناو مزگەوتی ئەقصاوە لە قودس میحرابەکەیان روخاند و پیساییشیان کرد بەسەر میحرابەکەیدا .
ئەوکاتە صلاح الدینی رەحمەتی لە حەڵەب بوو. فەرمانی کرد بە دارتاش و مینبەرێکیان وەك ئەوەی ئەقصا دروست کردەوە . ئەویش جێگا بە جێگای شەڕ لەگەڵ خۆی دەیبردە پێشەوە تا دوایبیست ساڵ لە جێگای مینبەرەکەی پێشوو دایاننایەوە !!.

....(٣)....

هۆ هەڵەبجەی بێ سەرو شوان
شاری شین و ئازار و ژان
شاری هەتیو
شاری هێزی خۆ نەناسیو[٣]
هێزی کوفر دەیانزانی
تۆ رابەری
تۆ منارەکەی ئەزهەری ..
زۆر دەمێ بوو
دەیانزانی ئەمڕۆکە تۆی
قەڵای سەختی خواوویستی کورد ..

....(٤)....

هۆ هەڵەبجە
شاری فەقێی عەوداڵی من
هۆ ژان و ناسۆری کورد و
هیوای زیندە بەچاڵی من
گەر دەمزانی پۆشاکیڕەش
بۆ عەزاداری (جائز) ە
لە موسابەقەی قورئانا

---

[٣] هێزە ئیسلامییەکەی هەڵەبجە و (کوردستانیش) چونکە چاوەڕێی برا گەورە عەرەبەکانی دەکرد هەر بە هەتیووی مایەوە !!

له هەموو مزگەوتەکانا
بۆ منالْ و گەنج و پیری کوردەواری
کوتاڵی رەشم دەهێنا
لەگەڵ سورەتی تەوبە دا
بۆم دەکردن بە (جائزە ! ..)

.... (٥) ....

هۆ هەڵەبجە
هۆ سەروەت و سامانی من
گڕی بەر بوو لە گیانی من
گەر دەمزانی
پۆشاکی رەش
لە تەعلیماتی دینیتا
لە پرسەو ماتەمینیتا
دەشێ ئێمە بیکەینە بەر
تەنها هەر ئەوم ئەپۆشی !..
گەر دەمزانی
غەیری چەك سوودێکی دەبێ
دوانزە سەعاتی هەر رۆژم
دادەنا بۆ سینەکوتان و سەرەخۆشی !..
ئێستاش دەگریم
بەڵێ دەگریم
وەکو کوردیش

هەر دەگێڕم گەرمە شینێ
بۆ پەیکەری هیوای مردوو !!
بۆ ئەو کۆرپەی
بە دانانی کۆڵی قورسی جیهادەکەت
لە بارت چوو !!..[٤]

.... (٦) ....

هۆ هەڵەبجە
هۆ هێمای ئازایەتی مە
شاری رابەرایەتی مە
بیرتە لە نێو ژان و خەما
سۆز و غیرەتت دەجولاَ
بۆ ژانی زەینەب غەزالی [٥]
بۆ ترۆری خوشکە بەنان[٦]
بۆ خوشکی زیندانی حەما
بۆ خوشکی دووری هاودینان

[٤] ئافرەت بە هەڵگرتنی کۆڵی قورس منداڵی لەبار دەچێت : بەڵام ئەم بە دانانی کۆڵی قورسی جیهاد.

[٥] زەینەب غەزالی : ئافرەتێکی موسوڵمانی خۆگری نێو زیندانەکانی جمال عبد الناصر بوو لە میسر . لە سەرکردایەتی إخوان المسلمین بوو .

[٦] بنان : کچی علی الطنطاوی و خێزانی عصام العطار بوو لە ئەڵمانیا لە شاری ئاخن لە ساڵی ١٩٨١دا لە لایەن بەکرێگیراوانی بەعسی سووریەوە ترۆر کرا .

کەچی لە بەدبەختی خۆمان
بۆ هەزار خوشکی (سەبایا) ی
ئەنفالی کورد
لە قەرەداخ ، لە سەرگەڵو ، لە بادینان
لەو غیرەتە
هیچت نەما !!..[٧]

.... (٧) ....

هۆ هەڵەبجە
هۆ دێرینە ئاواتی قووچ
خاکی بە پیتی تۆوی پووچ
بۆ رازی بووی
لە حەفتاکان
داسێکی کول قەدت بڕێ ..[٨]

---

[٧] شاری حەمای سوریا ، لە ساڵی ١٩٨٢ دا رژێمی سوریا وێرانی کرد . ئەو خوشکانەش لە ناو زیندانەکانی ئەو رژێمەوە ئەو نامەیان نووسی و لە دەرەوە بڵاوکرایەوە . نامەکەی ئەمان و کتێبەکەی زینب الغزالی کە ناوی (ایام من حیاتی) ە کرانە کوردی و بە نامە و شریت لە کوردستاندا بڵاو کرانەوە .. دەیان خوشك و برای ئیخوانی خۆشمان کچەکانیان ناو دەنا (بەنان) .. بەڵام بەداخەوە کەس بۆئەو هەموو خوشکە داوێن پاکانەی کورد کە کەوتنە بەر شاڵاوی هێرشە ستەمکارەکانی صدامی دڕندە ووتەی لێوە نەهات کە لە ساڵی ١٩٨٨ دا کردنی . کە سێ هێرشی گەورە بوون هەموو کوردستانی گرتەوە .. ئەو ئافرەتە کوردانەی بە دیلی و زەلیلی برانە سەر سنووری سعودیە و لەوێ دەفەوتێنران !! ژمارەیان ٣٨هەزار ئافرەت بوون ! صدام ئەو سێ هێرشەی ناونا (انفال) تا حەڵاڵێتی شەڕەکە و دەسکەوتەکانی لە مێشکی عالەمیندا بچەسپێنێ !!.. وا دیارە توانیشی !!

دیسان هێشتت
لە هەشتاکان
بەرهەمێ نەوەی خواوویستی
قاچاخچی‌یەك
لە بەسرەوە
نەك بە نرخی کوڕی یەعقوب[٩]
بە هەرزانتریش بیکڕێ !!..

.... (٨) ....

هۆ هەڵەبجە
شاری هیواو ئاواتی مە
ڕەنجی خەسار
ئاڵۆزی کارەساتی مە
شاری تاساو
داهۆڵی تەنزیمی خەساو[١٠]
ئێمەی کلۆڵ

---

[٨] خاکی دڵی کورد بە پیتە بۆ ئیسلام . بەڵام بە داخەوە تۆوی (اخوانەکە) پوچەڵ بوو ! بۆیە حزبێکی ئیسلامی لێ شین نەبوو .. چونکە (اخوان المسلمین) ی عێراق لە ساڵی ١٩٧١ دا لەسەر داوای حزبی بەعسی حاکم تەنزیمی خۆیان لە سەرانسەری عێراقدا هەڵوەشاندەوە .. ئەو تەنزیمەی لە ساڵانی هەشتاکاندا بە هەزار دەردە سەری دروستمان کردەوە برا ئیخوانە عەرەبەکان گرتیانە خۆو خەساندیان !..

[٩] کوڕی یەعقوب : مەبەست لە (سیدنا یوسف)ە (سەلامی خوای لێ بێت) کە بە منداڵی لە میسر بە نرخێکی کەم فرۆشتیان ..

[١٠] داهۆڵ : ئەو پەیکەرە دارو پەڕۆیەیە کە لە باخ و بێستاندا دادەنرێت . تا باڵندە وا حاڵی بکرێت کە گوایە مرۆڤە . و لە ڕاستیشدا هیچ نی‌یە ..

چاوەڕێ بووین تۆی (گورج و گۆڵ !)
لێرە و لەوێ
وەك پێشڕەوێ
زوو بێیتە دەست !
هەر هەمووومان بگریتە خۆ
وورە و ووزەو باوەڕ و هەست !
بەسەر کاسەی سەر و خوێنا
پێشمان کەوی
بەرەو هیوا
بەرەو هێنانە دی مەبەست !!
بەڵام هەی داخی گرانم
لە جێی ئەوە
دەست و قاچی ئێمەشت بەست !!..[11]

.... (٩) ....

هۆ هەڵەبجە
هێمای هەڵمەت و خرۆشان
بۆچی دەتهێشت کورد فرۆشان
ئەوانەی وا
بە ناو خەبات و تێکۆشان
تۆوی کوفریان رادەهێشت

---

[11] چونکە هەر کاتێك ئێمە بکەوتینایەتە جم و جوڵێکی ئیسلامی دەیان ووت : پەلە مەکەن برایانی هەڵەبجە (شتێك) یان بەدەستەوەیە بیکەن !..

لەگەڵ (بە ناو دۆست) ی کەرا
بێن و تۆ بکەن بە نیشان
بۆ رق و قینی کیمیاوی
دوژمنی سەرسەختی پێشان

.... (١٠) ....

هۆ هەڵەبجە
بۆ رازی بووی
بیروهۆشی دۆستێکی دوور[١٢]
بە بۆچوونی لێڵ و ماندووی
نینۆکت کا ..؟!
بۆ رازی بووی
بە رای نامۆی ئەو دیوو سنوور
ترساوو گرینۆکت کا ..؟!
گوایە هێشتا هەر چاوەڕێی
لە تۆڵەی شاری روخاوا
لە تۆڵەی خوێنی رژاوا
زریکەی (بەننا) لەبەر کا ..؟![١٣]
دەتا دەمری
چاوەڕوانی بێ هیوا بە

---

[١٢] مەبەست لە برا ئیخوانییە عەرەبە عێراقییەکانە کە لە دەوڵەتانی خلیجەوە تەعلیماتیان دەنارد .

[١٢] مەبەست لە خۆ ئامادەکرنەکەی ئیمام (حسن البنا)یە کە بردنییە شەڕی ئینگلیز لە میسر وجولەکە لە فەلەستین لەساڵی ١٩٤٨ .

دوای چەندەها کۆنگرەی خۆی
بەیانێکت لەسەر دەرکا !!..
من دەزانم
نا ئومێدیشی و چاوەڕێی
بۆ خوێنی تۆ
بۆ مافی تۆ
بگۆڕێ راو بۆچوون و ڕێی ..؟!
نا زۆر هەڵەی
من دڵنیام دوای چەند ساڵێ
تۆش وەکو من
تێ دەگەی لێی..
بەڵام شەرت بێ
ئەو هەڵوێستە نامۆیانەی
بە خوێنی خۆم و هاوبیرم
بگۆڕم پێی ...

تریاکی مارکسیزم

...١٩٩١/١٢/١٨

له گۆڕستانی مێژوا
(گۆرباتشۆف) م دی خەریکه
له ریزی گۆڕی (یزم) ەکان[١]
بۆ (مارکس) و (مانیفێست)ی[٢]
خەریکه گۆڕ هەڵکەندنه !..
لەملاشەوه
هەرزه بیری ژێر دەستەکان
کورد و تامیل ، بەلوچ ، پەتان[٣]
که ژینیان نیوه مردنه
بۆ ئاڵای سووری چەکوش و داس
هەتا ئێستاش
پێشمەرگەن و
پەتی دەوڵەتی رماویان له گەردنه !
له لای گەلانی بێ وڵات

---

[١] وەك (سۆسیالیزم . داروینیزم . سکوڵەریزم ..هتد)

[٢] ئەو بەیانه هاوبەشەی مارکس و ئەنجلسه که له ساڵی ١٨٤٨ ز دا بڵاویان کردەوه و بۆته چوارچێوەی تێڕوانینی مارکسیتی

[٣] تامیل : گەلێکی سریلانکی ژێر دەستەی نەتەوەی سەنهاڵی حاکمن .
بەلوچ : گەلێکی چەوساوەی دابەشکراوه بەسەر ئێران و پاکستان و ئەفغانستاندا .
هەروەها پەتان : ئەوانیش دابەشکراوی سەر سنووری ئەفغانستان و پاکستانن .

تازە جەژنی
لەدایك بوونی مارکس و
دژی مۆتەکەی بورژوا
کاتی شەوارە گرتنە !..
لەملاوەش .. کلکە مەلایەك
کەنوێنەری (اتحاد العلما)ی نارەسەنە
ئەویش بۆ شاباشەکەی خۆی
خەریکی قورئان خوێندنە !!
خەتیبێکیش
(بانگی حەق) بە گوێ‌ی دا دەدا و
دەڵێ ئای کۆرپەی بەختەوەر
خۆزگەم بە خۆت
بۆ جیهان دەبیە پێشەواو
بۆ کرێکارانیش رێبەر..
دە بە کوێری چاوی دوژمن
هەر گەشکە بگرە و پێ بکەنە..
سید قطبیش بەسەر سێدارەوە دەڵێ
بڕوانە بیری جاهیلی
نێو خەڵکی ئەم دوو دیمەنە..
دوای رمانی
(بەهەشت) ە پڕ ناسۆرەکەی مارکسیزم
تازە لای مە
باسی (ولاّتی بێ پارە)
بەڵگە نەویستە .. حەتمەنە !..
جا بڕوانە تریاکی مارکسیزم و
ئا ئەم ژێری خەساندنە !!..

بۆ هێزێکی لە دایك بوو

هەولێر / ڕۆژك ١٩٩١/٨

بۆ ئەو ئاواتەی نەمردم و دیم ، بوونی پێشمەرگەی ئیسلامی لە سەربازگەی صلاح الدینی خۆمان کە لە ١٩٩١/٥/٢٠ دا کردمانەوە ..

زۆر دەمێ بوو
چاوەڕێ بووم
لە ناسۆر و خەم و ژانا
لە غیرەت و ورەو ووزە و
خۆشەویستی تێکۆشانا
بە ڕێی خەباتی کوردانەی
شا مەحموود و
شێخی مەزنی پیرانا[1]
بە تەجروبەی
میللەتی کوردی بێ شوانا
بە کڵپەی گڕی باوەڕی موسوڵمانا
چاوەڕێ بووم
لەبەر تیشکی

---

[1] شێخ سەعیدی پیران و شێخ محمودی حەفیدی ڕەحمەتیان .

مەشخەڵی ڕێی
بیری سەییدی زیندانا
هێزێکی وا لەدایك بێ
بڵێین ئۆخەی
ئا ئەمە هێزی ئیسلامە
لە ڕووی دۆستانی دڵسۆزا
وا بە شەرمە و
لە ڕووی دوژمنا بە سامە

❁ ❁ ❁

هۆ هێزی گەنجی جیهادی
زایەڵەی کاروانی شادی
هێزی هیوا
گزنگی ڕۆژی ئازادی
تۆ شمشێرەکەی موغیرەی[٢]
دەنگی سوڵتانول عولەما و[٣]
قوتابی‌یەکی زیتەڵی
فیقهەکەی ئیبن و تەیمیەی

---

[٢] موغیرەی کوڕی شوعبە : یاوەر (صەحابە) یەکی پێغەمبەر بوو (صلی الله علیە وسلم) یەکێکە لەو چوار کەسەیە کە پێیان دەڵێن بلیمەتانی عەرەب (دهاة العرب) .

[٣] عیززی کوڕی عبد السلام : کە چاونەترسترین زانای شافعی بوو . بە ڕووی حاکمی میسردا ڕاوەستا ..

چ مژده بووی
له عومری کەمی ئێمەدا له دایك بووی
هەزار شوکر
هەزار ئۆخەی
که ئێمه بووینه هێزی تۆ و
تۆش زادی هەوڵ و رەنجی مەی

❁ ❁ ❁

ده بەیعەت بێ تاکو تۆ هەی
دروشمی مه
دەنگی دلێری صدیقه
که له رۆژی سەختی (ردە)[٤]
هەموو جیهان بیستی گرمەی :
(أيُنقَص الدينُ هذا وأنا حي ؟)

---

[٤] رۆژی پاشگەز بوونەوەی زۆربەی عەرەبەکان بوو له ئیسلام ـ دوای وەفاتی پێغەمبەری نازدار (صلى‌الله عليه وسلم)

فەرهەنگۆك

- أ -

ئاتاج — پێویستی ، پێداویستی : احتیاج
ئاژانس — هەواڵدەرانی رۆژنامە و رادیۆو..هتد : خەبەر گوزار
ئەسوێ — پەکی ئەکەوێ و لە کار ئەکەوێ
ئاگرپژێن — بورکان : ئاتەش فشان
ئاڵێنرا — بادرا لێی : تیوەی پێچرا
ئامێر — ئالەت : دەزگا
ئێشك — پاسەوانێتی : حراسەت

- ب -

برر — وون بوو ، گوم بوو
بشگلێم — بشکەوم
بوون — هاتنە جیهان : وجود
بیڕوون — ناوچەی ووشکانی و بێ ئاو
بەیت و باڵۆرە — ئەو گۆرانیانەی لۆتی و شایەر لە شاییدا ئەیانڵێ

- پ -

پواو — رزیو : گەندەڵ
پێڕ — دەستە : کۆمەڵ : تاقم
پەڕەوازە — پەرتەوازە : لێك دابڕاو
پەنجەرۆکە — پەنجەرەی بچکۆلە

- ت -

تاساو — سڕ : مت بوو : بێ جم وجوڵ
تاف — تافی لاوی : هەرەتی لاوی
تەعریب — سیاسەتی بە عەرەب کردن
تێشوو — زەخیرە : تفاقی سەفەر

- ج -

جودا	جیاواز ، جویّ
جووراو	ئەو خواردنەی لە دەمدا دانی پیدا نراوە
جینگلە ئەدەن	ئەتلینەوە : ئەمدیوودو دیو دەکەن پیی
جینگیر	دابین بوو : دامەزراو : چەسپاو

- ح -

حەشار داوە	شاردویّتی‌یەوە : پەنهانی کردووە

- خ -

خاچ پەرست	صەلیبی
خامە	پیّ نووس ، قەڵەم ، خودکار
خورە	ئەو کرمەی نیو درەخت دەخوات وگەندەڵی دەکات

- د -

دابڕاین	لیّك جیا بوینەوە ، هەر یەك کەوتینە لایەك
داخورپی	داچڵەکیّ : ڕاچەنی : بلەرزی لە ترسا
دەسەوسان	ناتوانا
دیاردە	ڕواڵەت

- ڕ -

ڕابهیّڵن	ڕابکیّشن : بۆ شۆڕ بکەنەوە
ڕادەبوریّ	دەڕوات : تیّ دەپەڕیّت
ڕاسپاردە	ئەو قسەیەی دەوتریّ بۆ ئەنجامدان
ڕاویّژ	پرس کردن : ڕاوەرگرتن : مشاوەرە
ڕۆخ	کەنار : قەراغ : لیّوار
ڕەش و ڕووت	چەوساوە : موستەزعەف

- ز -

زامار	زامدار : بریندار : زەخمدار
زوخالّ	سوتاوێك بووبێتە خەلوز : رەژوو
زەنگولّ زەنگولّ	دلّوپ دلّوپ : قەترە قەترە
زەنگی پشوو	زەنگی تەفریح : نێوانی دوو دەرس

- ژ -

ژوار	ژان ، ئازار : ئێش : ئەلەم
ژیلەمو	ئەو خولە مێشەی پشکوی تیدا ماوە

- س -

سارێژ	قەتماغە بەستن : چاك بوونەوەی برین
سپات	رەنگی خولە مێشی : رەصاصی
سپێدە	روناکی بەری بەیانی : شەفەق
سنوور	مەرز : حدود
سیخوڕ	مەزدور : جاسوس
سەپان	دروێنە گەر
سەرزارەکی	بە ئاشکرا : عەلەنی

- ش -

شارا	کومەلە گەنم یا جوی دوراوو سەریەکتر نراو
شارستانی	پێشکەوتوویی : ئاوەدانی و زانستی : تمدن
شێخەل	دەوەنی گەورە
شێواز	جور : چەشن : ئوسلوب

- ع -

عەودالّ	تامەزرۆ : شەیدا : وێلی دووی مەبەست

- ق -

قڕ	قڕان : نەمان : فەوتان
قۆناغ	ماوە : مەرحەلە

- ك -

کاوێژ	ئاژەڵ خواردنەکەی کە دەیخوات جارێکی تر دەیهێنێتەوە دەمی وبۆ جوینەوەی
کپ	مت : کڕ : بێ دەنگی
کودی	کولەکە : کەدو
کرێ گرتە	بەکرێ گیراو : مەزدور : عەمیل
کلێتە	کلاوێکی گوڵێنکە داری کورد چنە ، لەسەرەتای شۆڕشی کوردستانی عێراقدا هیمای پێشمەرگە بوو
کۆیلە	بەندە : بەردە : عەبد
کەرسەك	تۆپەڵە گڵی یەکگرتوو

- گ -

گرگن	کورتە بالا : قزم
گزنگ	سەرەتای دەرکەوتنی تیشکی خور
گۆڕەپان	ساحە : مەیدان
گۆشەگیر	دوورە پەرێز ، کەنار گیر ، منعزل
گەشە	نەشونما : پێگەیشتن : نمو
گەمارۆ	ئابلۆقە : چواردەور گرتن : محاصرە

- م -

مەرەز	تیسکی نەرمی بزن کە رەنگی خورمایییە
مەلۆ	کۆمەڵێك گەنم یا جۆی دوراو

- ن -

ناژاکی	ناشێوێ : تێك ناچێت
نزا	پارانەوە : دوعا
نوزە	دەنگی نزم کە بە دەم ژانەوە دەردەبڕێ
نێچیر	راوکراو : الفریسە

- ه -

هۆكانی راگەیاندن	وەسائیلی تەبلیغ : وسائل الإعلام
هێما	نیشانە : رەمز
هەر بوو	ئەزەلی و ئەبەدی : سەرمەدی : هەر بووە هەر ئەبی
هەرزە	جەحێل : گەنج : جوان : مراهق
هەڤاڵ	پلەیەكی حزبی‌یە بە مانای هاوری
هەڵزناوە	خۆی پێدا هەڵڕۆسكاندووە خۆی پێدا هەڵواسیووە
هەون	ئەون
هەوێن	ئامیان ، مایە ، خومرە

- و -

وان	ئەوان
وەردیان	جەلاد ، دژخێم
وێرد	ورتوێژی تەسبیحات

- پـێـڕسـت -

پێشەکیی چاپی دووەم ٤
شیعرەکانم بۆ کێ دەوێ ٥
شیعرەکانم ٧
بۆ چەوساوەکان ١٠
هەوێنی شیعرەکانم ١٢
مافی بوونی ئیسلام ١٤
کەو و کورد ١٦
وانەکانی مێژوو ١٨
موسەیلەمەی کورد ٢٢
کوردایەتی و درۆکردن ٢٤
نەورۆز ٢٧
هەستانی شەو (قیام اللیل) ٣٠
منی بەندە ٣١
بۆ خوشکێکی سەرپۆش بەسەر ٣٣
حسب النبی) پاڵەوان ٣٧
مروان حدید ٤٠
ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) ٤٣
لەزیندانا ٥٤

شەهید ٥٧
سروودی نوێ بۆ نەوەی نوێ ٥٨
سەربازی نوێ ٥٩
موسڵمانین ٦٠
هەتاکەی ٦٢
هاوار بکەن ٦٤
باکۆ بین ٦٦
من کێم ؟ ٦٨
خوایە بڕژە ٧٠
را پـــەڕین ٧٢
پەیمانی کوڕی شەهید ٧٣
براکـــەم ٧٥
شۆڕشی هەڵەبجە ٧٦
شەوی کورد ٧٨
کۆچی ئاوارەیی ٨٠
پەیمـــان ٨١
مەشخەڵ ٨٢
عومری لەدەست چوو ٨٣
مـــردن ٨٤

بۆ شەوی قەدر ٨٦
بۆ میستەر هودلی ٨٧
شۆڕشی کورد ٨٨
نامەیەك لە شەوی لەسێدارەدانا ٩٠
کێ .. کەی .. لەکوێ ؟! ٩٨
بۆ دەروون بەزیوەکان ١٠٠
تاك و بێ چەك ١٠٢
سروودی سەربازگە ١٠٤
هوتافەکانی مەشق کردن........................ ١٠٥
هێزێکی مۆمیا کراو ١٠٦
فرمێسك ١٠٧
گیانی تۆڵە ١٠٨
کڕنوشی ناسایی ١١٠
هیوای پیاوی بێ چەك ١١٧
هۆ هەڵە بجە ١١٩
تریاکی مارکسیزم ١٢٩
بۆ هێزێکی لەدایك بوو ١٣١
فەرهەنگۆك ١٣٤
پێڕست ١٣٩

هۆ هێزی گەنجی جیهادی

زایەڵەی کاروانی شادی

هێزی هیوا

گزنگی ڕۆژی ئازادی

تۆ شمشێرەکەی موغیرەی

دەنگی سوڵتانول عولەما و

[illegible] زیرەکی

[illegible] و تەیمیەی

[illegible]

[illegible] ئێمەدا لە دایک بووی

هەزار [illegible]

هەزار نوحەی

کە ئێمە بووینە هێزی تۆ و

تۆش زادی هەوڵ و ڕەنجی مەی .